

**٧٠ هەزار کەس ناویان بۆ حەج نوسیوە**
2 »



**کچان باجی خۆشەویستی دەدەن**
10 »



**برامان برایی کیسەمان جیایی**
5 »



## گۆرانی بۆ ئازیزەکەی دەڵێت

لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەبەرنامەی کوردستار، لەئێستادا هەژار یەکەمی وەرزی دووەمی کوردستار کۆتایی بەکاری ئەلبومە نوێیەکەی بەناوی (ئازیزەکەم) هێنا

9 »

ژمارە (١)
چوارشەممە ٢٠٠٩/١٠/٧
نرخ (١٠٠٠) دینار

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

# شەش سەرکردەو جێگری ئەمیری ئەنسار ئیسلام دەستگیر دەکرێن
# مەلا هەڵگوردی داڕێژەری پیلانی تەقینەوەکەی ١ی شوباتی تێدایە



ئەبو تەیب — ئەبو فەلاح — مەلا هەڵگورد
ئەبو زیاد — ئەبو وەلید — مەلا نزار



مەلا هەڵگورد

تایبەت بەدەستوور

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون، حەوت سەرکردەی ئەنسار ئیسلام لەموسڵ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراون و رادەستی ئاژانسی پاراستن کراون، کە مەلا هەڵگورد کەسی دووەمی ئەنسارو داڕێژەری پیلانی تەقینەوەکەی ١ی شوباتی مەلبەندی یەکێتی و لقی پارتی هەولێری تێدایە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە دەستووری راگەیاند ئەو گروپە حەوت کەسییە لەموسڵ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بەکۆمەڵێك بەڵگەوە دەستگیرکراون و دوو مانگ زیاترە دراون بە ئاژانسی پاراستن، بەڵام پارتی هێشتا ئەو هەواڵەی بڵاونەکردووەتەوە، بەڵکو هەواڵی دەستگیرکردنی دوو "تیرۆریستی" ئەنساری بەچەك و تەقەمەنییەوە لە ٩/١٦دا بڵاوکردەوە.

عیسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم-هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمەش زانیاریمان هەیە کە ئەو کەسانە لە موسڵ دەستگیرکراون و مەلا هەڵگوردی تێدایە، بەڵام لای ئەمریکییەکانن، نەك لای ئێمە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ئەو حەوت سەرکردەی ئەنسار دەستیان هەبووە لە کوشتارەکانی خێڵی حەمەو هەڵدانەوەی گۆڕەکانی شێخانی بیارەو تەقینەوەکەی ١ی شوباتی هەولێر، دوای رووخانی رژێمیش سەرپەرشتی دەیان تەقینەوەیان کردووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون، مەلا هەڵگورد لەناو دەستگیرکراوەکاندایە، کە جێگری ئەبو عەبدوڵڵای شافعی ئەمیری ئەنسار بووە، لەهەمانکاتدا لێپرسراوی سەربازی ئەنسار بووە، بەو هۆیەشەوە راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو عەرەبە ئەفغانیانەی کردووە کە هاتونەتە ناوچەی هەورامان، جگە لەوانەش تاکە هێڵی پەیوەندیی نێوان مەلا کرێکارو ئەبومەسعەب زەرقاوی بووە.

وردەکاریی زیاتر لەلاپەڕە ٣ دەخوێنیتەوە

## بەبێ ئاگاداری حکومەت ئاشتی هەورامی سزاکەی کۆمپانیای DNOی کەمکردەوە

پ.دەستوور

پێش تەواوبوونی وادەی سزاکەی کۆمپانیای DNOی نەرویجی، ئاشتی هەورامی لە نامەیەکدا بە کۆمپانیاکەی راگەیاندووە کە سزاکەی کەمکراوەتەوە بۆ دوو هەفتەو دەتوانن دەستبکەنەوە بەکارکردن، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانیش دەڵێت ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نین.

بەپاساوی لەکەدارکردنی ناوبانگی، حکومەتی هەرێم سزای کۆمپانیای DNOی نەرویجی دا بە شەش هەفتە راگرتنی کارەکانی، بەڵام دوێنێ کۆمپانیای DNOی نەرویجی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە حکومەتی هەرێم دووبارە رێگەی پێداون دەست بەکاربینەوە، لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە "لە ئێستادا سەرجەم کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا چارەسەر کردووە".

بەپێی راگەیەنراوەکەی ٥ی ئۆکتۆبەر، ئاشتی هەورامی نامەیەکی ئاراستەی کۆمپانیاکەیان کردووەو تێیدا هاتووە کە"کۆمپانیای DNO سەرجەم مافەکانی پێشووی بۆ دەگەڕێنرێتەوەو دەتوانێت دووبارە دەستبەکاربێتەوە بەبێ بوونی هیچ جۆرە بەندو بارێك".

ئەم بەیاننامەیەی DNO لەکاتێکدایە کە هەندێك لە پەرلەمانتارانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوای روونکردنەوەی زیاتریان کردبوو لە بارەی ئەو پرسەوە.



ئاشتی هەورامی

دەستوور پەیوەندیی کرد بە هەریەك لە فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی هەرێم و نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بەڵام ناوبراوان بێئاگایی خۆیانیان لەو بابەتە راگەیاند.

## عارف روشدی: کۆتایی ئەم مانگە یەکێتی پلینیۆم ببەستێت

پ.دەستوور

هەرچەندە بڕیاربوو لەمانگی ١٠دا یەکێتی پلینیۆم ببەستێت، بەڵام تائێستا کاتەکەی دیارینەکراوە، عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێشبینی دەکات لە کۆتایی ئەم مانگەدا پلینیۆم ببەستن.

سەرچاوەیەکی باڵای یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو کەرکوکەوە، هەروەها لەتبوونی لیستە هاوپەیمانەکانی کوردستانەوە، پێدەچێت یەکێتی پلینیۆم بۆ ساڵی ئایندە دوابخات".

عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێشبینی دەکات لەم مانگەدا یەکێتی پلینیۆم ببەستێت، بە دەستووری وت "پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ئەم مانگەدا یەکێتی پلینیۆم ببەستێت".

بەرپرسانی یەکێتی پێشتر چەند جارێك کاتیان بۆ بەستنی کۆنگرەو پلینیۆم دیاریکردووە، بەڵام کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەیان رێگربووە لەبەردەم پابەندبوون بە وادە دیاریکراوەکەوە.

لەماوەی ٣٣ ساڵی تەمەنیدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو کۆنگرەو پلینیۆمێکی بەستووە.

## کۆمەڵو بزووتنەوە بەیەکەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن

پ.دەستوور

کۆمەڵو بزووتنەوە لەسەر لیستێکی هاوبەشی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رێکەوتوون و داوایان لە یەکگرتووش کردووە بۆ هاتنە ناو لیستەکە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداونەتەوە.

محەمەد بازیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند لەسەر ئەو لیستە ئیسلامیە هاوبەشە لەگەڵ کۆمەڵ رێکەوتوون، وتی "داواشمان ئاراستەی یەکگرتوو کردووە بۆ بەشداریکردنیان لەلیستەکەماندا، بەڵام تائێستا وەڵامی پێشنیارەکەیان نەداوینەتەوە، بۆ دوابڕیاریشیان، ماوەی مانگێکیان لەبەردەستدایە تا هەڵیبسەنگێنن‌و دوابڕیاری خۆیانی لەسەربدەن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە، وتی"ئەم لیستە، لیستێکی ئیسلامییەو چاوەڕواندەکرێت چەند حیزبێکی تری سوننی ئیسلامی عێراقیش تێیدا بەشداربن".

زانا رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە دەستووری راگەیاند لە دواکۆبوونەوەی شورای کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاریانداوە کە هەوڵی پێکهێنانی لیستێکی ئیسلامی کوردستانی بدەن و بۆ ئەو مەبەستەش بە فەرمی داوایان لە هەریەك لە یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامی کردووە، وتی"بۆ رای گشتی ئیسلامی دروستبوونی ئەو لیستە بە زەروور دەزانین، چونکە مانەوەمان بەو پەرتەوازەییە لەوانەیە زیانی هەبێت و نەتوانین هەموو دەنگەکانمان کۆبکەینەوە".

هادی عەلی سکرتێری مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، وتی"مەسەلەی دروستکردنی لیستێکی ئیسلامیش یەکێکە لە خەیاڵاتەکانی بەردەم یەکگرتوو قسەمان لەسەر کردووە".

# فەرەج حەیدەری:
# پارەم لە بارزانی وەرنەگرتووە

پ.دەستوور

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رەتیدەکاتەوە پارەی لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی وەرگرتبێت، جەخت لەوەشدەکاتەوە کە هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی عێراق چارەنوسی پۆستەکەی دەستنیشان دەکات.

بەپێی ئەو داواکارییەی کەریم یەعقوبی پەرلەمانتاری عێراق سەبارەت بەلێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجومەنی نوێنەران لێپرسینەوەی لەگەڵ فەرەج حەیدەری‌و کەریم تەمیمی کۆمیسیاری کۆمسیۆن ئەنجامدا.

فەرەج حەیدەری لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"یەکێك لەپرسیارەکانی لێپرسینەوەکە راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو کە لەگەڵ ئەنجامە بەراییەکاندا نەدەگونجا، منیش رونمکردەوە کە جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك ئەنجامە سەرەتاییەکان راگەیەنرا ئەوکات دەنگەکانی سوپاو ناوخۆ ئاشکرانەکرابوو، دواتریش چەندین سندوق خرایە لیستی رەشەوە".

حەیدەری هەواڵێکی رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت رەتدەکاتەوە لەمەڕ پێدانی بڕێك پارە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دەڵێت "رۆژنامەکان پەیوەندیان پێوەکردم‌و پۆزشیان هێنایەوەو بەڵێنیاندا لەژمارەی داهاتویاندا پۆزشەکە بڵاوبکەنەوە، وتیشیان ئەو هەواڵە لە پەیامنێرێکی فەرەنسی وەرگرتووە".

ئەیاد سامەرائی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند هەفتەی داهاتوو بڕیار لەسەر چارەنوسی حەیدەری دەدرێت.

فەرەج حەیدەری وتی"رەزامەندین بەهەر بڕیارێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و خوازیاریشین توانیبێتمان لەئاست بەرپرسیارێتیەکەدا بووبین".

# باڵی جیابۆوەی بەرەی تورکمانی پشتگیریی مادەی ١٤٠ دەکەن

دەستوور. دهۆك

سەرۆکی بەرەی تورکمانی عێراقی داوای گەڕاندنەوەی قەزای تەلەعفەر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات، لەگەڵ ئەو داوایەشیدا پشتیوانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و دامەزراندنی هێزی هاوبەشی پێشمەرگەو ئەمریکی‌و عیراقی لەناوچەکە دەردەبڕێت.

ئۆلای فەلەك ئۆغلۆ سەرۆکی بەرەی تورکمانی عێراقی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور داوا لەحکومەتی هەرێم‌و فیدراڵ دەکات قەزای تەلەعفەر بگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان، وتی"گەڕانەوەی قەزای تەلەعفەر لەبەرژەوەندیی خەڵکی ناوچەکەدایە، چونکە بەهۆی بونی مەزهەبی شیعەو سونەوە ئەو قەزایە بەشێوەیەکی بەردەوام پەلاماری تیرۆریستی دەکرێتەسەر".

ناوبراو پشتیوانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و دامەزراندنی هێزی هاوبەشی پێشمەرگەو ئەمریکی‌و عێراقی لەناوچەکەیاندا دەردەبڕێت، داواش لەتورکمانەکانی ئەو قەزایەدەکات بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە، وتی" دەبێت تورکمانەکان پەیوەندیەکی تەواویان لەگەڵ گەلی کوردا هەبێت، چونکە ئەوان هاوکاریی تەواو بۆ بەدەستهێنانی مافی تورکمانەکان دەکەن".

قەزای تەلەعفەر دەکەوێتە ٧٠کم رۆژئاوای پارێزگای موسڵەوە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکمانە.

# لەدەربەندیخان خانەوادەی بەرپرسان دادەمەزرێنرێن

پ.دەستوور

بە رەزامەندی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجومەنی وەزیران شەش کەس لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی دەربەندیخان دامەزرێنراون، کە پێنج کەسیان لە یەك خێزانن و خزمی وەزیری وەزارەتەکەن. لێپرسراوی کتێبخانەی گشتی شارەکەش داوای دامەزراندنی دوو برا و خوشکێکی خۆی لە تاڵەبانی و عیماد ئەحمەد دەکات.

بەپێی ئەو نوسراوە رەسمیانەی دەست دەستوور کەوتوون، شەش کەس دامەزرێنراون کە پێنج کەسیان سەر بەیەك خێزانن، چواریان بەبڕوانامەی ئامادەییەوە مامەڵەیان بۆ کراوە لەکاتێکدا کە بڕوانامەی ئامادەییان نییە، یەکێکیشیان کە ژنێکی بەتەمەنە بڕوانامەی ناوەندییان بۆ نووسیوە لەکاتێکدا خاوەنی ئەو بڕوانامەیە نییە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەبەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی دەربەندیخان کەنەیویست ناوی بهێنرێت بە دەستووری راگەیاند "ئەو خێزانە پێنج کەسیە دایك‌و باوك و ٣ کچن و بڕوانامەی ئامادەییان نییەو لەچاودێری کۆمەڵایەتی دەربەندیخان دامەزرێنراون، لەکاتێکدا چەندین کەسی خاوەن بڕوانامەو گەنجی بێکارمان هەیە، دانامەزرێنرێن".

تەڵعەت شەوکەت بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی دەربەندیخان لە لێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی"ئێمە لەڕێگەی ئیدارەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە مامەڵەمان بۆ ئەو ٦ کەسە کردووە بەمەبەستی دامەزراندن‌و بڕیاری دامەزراندنەکانیان هاتووەتەوە لەوەزارەتەوە، ئەو قسانەش راست نین کە گوایە بڕوانامەیان نەبێت‌و کرابێتن بەخاوەنی بڕوانامە".

لەهەمانکاتدا لەکتێبخانەی گشتی دەربەندیخان، بەڕێوەبەری کتێبخانە بەنووسراوی ژمارە ٧٨ لە ١٢ /٧ /٢٠٠٩ داوای دامەزراندنی ٦ کەس دەکات لەنێویاندا خوشکێك و دوو برای خۆی تێدایە کە نووسراوەکەی ئاراستەی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کردووە، هێشتا بڕیاری دامەزراندنەکانیان نەگەڕاوەتەوەو لە هەوڵی دامەزراندنیاندان، هەمان نووسراویش ئاڕاستەی عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم کراوە.

قائیمقامی قەزای دەربەندیخان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا ئاگاداری ئەو دامەزراندنانە نییە، وتی"بەبیستنی ئەو هەواڵە تووشی شۆك بووم، چونکە ئێمە دەرچوانێکی زانکۆو پەیمانگای زۆرمان هەیە دانەمەزراون، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمدراوە لێیپێچینەوە لەو دوو بەڕێوەبەرە دەکەم گەر ئەو شتانەیان بەسەردا بسەپێت".



شنۆ ئەحمەد حەسەن لێپرسراوی کتێبخانەی گشتی دەربەندیخان دەڵێت ئەو داواکاری دامەزراندنانە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بووە، وتی "قائیمقامیەت پێیان وتین لەڕێگای ئێمەوە داواکارییەك بنوسن، ئێمەش دەیدەینە سەرۆکی حکومەت، بەڵام لەو کاتەدا مام جەلال هات بۆ دەربەندیخان قائیمقام پێی وتین داواکارییەکان بۆ سەرۆك کۆمارو سکرتێری گشتی یەکێتی بنوسن، داواکاری سەرجەم فەرمانگەکان لەڕێگای قایمقامەوە درا بە سکرتێری گشتی یەکێتی".

شنۆ ئەحمەد ئاماژەی بەوەشدا کە دڵنیاین هەموو ئەوانە هەڵمەتی هەڵبژاردن بووە و هیچیان جێبەجێناکرێن، "هەر ناوێکیش لەڕێگای مەڵبەندەوە نێردراوە دامەزراون، بەڵام ئەوەی لەڕێگای قائیمقامەوە بووە، هیچیان دانەمەزراون".

# بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری حکومەت ناکات

نەجات ئەحمەد لەهەولێر

ئەنجومەنی شوارى بزووتنەوەی ئیسلامی لە دوا کۆبونەوەی خۆیدا بڕیاریداوە، کە تەنیا بۆ جوانکردنی کابینەی دکتۆر بەرهەم و ئازاد بەرواری بەشداری حکومەت نەکات، ئەگەر جگە لەوەزارەتێکی فعلی، پۆستی تر وەك بریکاری وەزیرو چەند پۆستێکی تریان پێنەدرێت.

محەمەد بازیانی وتەبێژی ئەنجومەنی شورای بزووتنەوەی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا بەرهەم ساڵح و ئازاد بەرواری بە مەبەستی بەشداریکردنی بزووتنەوە لە حکومەت سەردانیان کردوون، وتی"ئێمەش پێمان ووتن مەرجمان هەیە بۆ بەشداربوونمان".

بازیانی دەڵێت کە پێیان وتوون بە رووکەش بەشدار نابن، بەڵکو وەزارەتێکی کارایان بەهەموو دامودەزگاکانیەوە دەوێت.

وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی وتی" تەنیا بۆ جوانکردنی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم بێت ئێمە بەشداری ناکەین و ئێمە ئەزموونمان هەیە لە بەشداریکردنمان، بۆیە تەنیا بە وەزیرێك بەشداری ناکەین، لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شوارى بزووتنەوەش ئەوەمان یەکلاکردۆتەوە کە شێوازی بەشداریمان بەو شێوەیە دەبێت".

# لیژنەی زومماری پارتی رێگەنادات بەرێوەبەری پۆلیس دەست بەکاربێت

دەستوور. زوممار

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەلیژنەی زوممارى پارتی بەدەستووری راگەیاند نەیانهێشتووە بەڕێوەبەری نوێی پۆلیسی ئەو ناحیە لەپۆستەکەی دەستبەکار بێت، لەبەرئەوەی لەلایەن لیستی حەدباوە دەستنیشانکراوە.

عەبدولکەریم خەلیل لێپرسراوی راگەیاندنی لیژنەی زوممارى پارتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"رێگەمان نەداوە عەقید قاسم بەڕێوەبەری نوێی پۆلیسی زوممار لەجێی عەقید فەرەج خەیری دەست بەکاربێت، چونکە لەلایەن لیستی حەدباوە دیاریکراوە، لەهەمانکاتیشدا ناحیەی زوممار یەکێکە لەو ١٦ ناوچەیەی کارەکانی خۆیان لەگەڵ پارێزگای نەینەوا راگرتووە، لەبەرئەوە دامەزراندنی عەقید قاسممان رەتکردۆتەوە".

## پاشماوە

مەلا هەڵگورد بەشداریی چەندین چالاکی سەربازی ئەنسارى کردووە، لەوانەش هەڵدانەوەی گۆڕی شێخانی نەقشبەندی لە تەوێڵەو بیارە، دواتریش لەکاتی رووخاندنی حکومەتی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، لەئازاری ٢٠٠٣دا لەهەورامانەوە خۆی گەیاندووەتە وڵاتی ئێران‌و دواتر بووە بە بەرپرسی راستەوخۆی چالاکییە سەربازییەکانی ئەنسار لەعێراق، هەروەها داڕێژەری تەقینەوەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی مەڵبەندی سێی یەکێتی‌و لقی دووی پارتی بووە لەهەولێر.

گروپە دەستگیرکراوەکە بریتین لە مەحمود عەبدولوەهاب سالم عەبدولهادی نازناوەکەی مەلا هەڵگورد بووەو لەدوای رووخاندنی رژێمی پێشووەوە نازناوەکەی گۆڕیوە بۆ ئەبو عەلی، لەناو ئەنساریشدا جێگری عەدنانی بۆریچی بووە، کە ناسراو بووە بەعەبدوڵڵای شافعی‌و ئەمیری ئەنسار ئیسلام بووە، تالب عەبدوڵڵا خزر عەبدوڵڵا ئەلبیاتی نازناوەکەی ئەبو تەیب بووە، لەناو ئەنسار ئیسلامدا لێپرسراوی رفاندنی خەڵك بووە، حەسەن محەمەد ساڵح ئەحمەد ناسراو بووە بە ئەبو فەلاح، لەناو ئەنسار ئیسلامدا لێپرسراوی دەزگای شەهیدان بووە، ئەسعەد سالم محەمەد ئەحمەد سورچی، لەدوای رووخاندنی رژێمی پێشووەوە نازناوەکەی ئەبو عەبدولڕەحمان بووە، لەسەردەمی ئەنسار ئیسلامدا ناوی مەلا نزار بووە، لەسەرەتای دروستبوونی ئەنسارەوە ئەندامی شورا بووە، خالید ئیدریس خزر عەبدوڵڵا ئەلبەدرانی نازناوەکەی ئەبو وەلید بووە، لەناو ئەنساردا موفتی بووەو فتوای دەرکردووە، تاریق ئیدریس عەبدوڵڵا خزر ئەلبەدرانی نازناوەکەی ئەبو زیاد بووە لەگەڵ فارس ئیدریس عەبدوڵڵا خزر ئەلبەدرانیدا کەنازناوەکەی ئەبو ئەنفال بووە، هەردووکیان برای خالید ئیدریس عەبدوڵڵا ئەلبەدرانی (ئەبو وەلید) بوون، کە موفتی ئەنسار بووە.

سەرجەمی ئەو لێپرسراو و ئەندامانەی ئەنسار ئیسلام لە٢٤ی تەممووزی ٢٠٠٩دا لەشاری موسڵ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراون‌و دواتر رادەستی ئاژانسی پاراستن کراون.

# ئەمساڵ ئێزیدییەکان جەژنی جەما ئەنجام نادەن

دەستوور. شەنگال

ئێزدیەکانی هەرێمی کوردستان‌و عێراق بەهۆی توندوتیژیی و نائارامیی ناوچەکانیانەوە نەیانتوانی جەژنی جەما ئەنجامبدەن.

لێپرسراوی کاروباری ئێزیدیەکانیش لەوەزارەتی ئەوقاف، ئاماژە بەوە دەدات ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدیەکان بڕیاریداوە ئەو جەژنە نەکرێت.

خەیری بوزانی لێپرسراوی کاروباری ئێزیدیەکانیش لەوەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدیەکان لەبەر پاراستنی گیانی ئێزیدیەکان، بڕیاریداوە بۆ ئەمساڵ جەژنی جەما نەکرێت، کەدەبوایە دوێنی بکرایە.

هاوکات رۆژێک پێش جەژنی جەما لەناوچەی شەنگال ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو بەکاروانێکی هێزی پێشمەرگەدا تەقییەوەو لەئەنجامدا ٣٠ پێشمەرگە بریندار‌بوون.

فەهمی سۆڤ جێگری سوپای یەکی لەشکری کوردستانی پارتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"تەقینەوەکە لەنێوان کۆمەڵگای رەبیعەو سنونێدا بووەو بەهۆیەوە ٣٠ پێشمەرگە بریندار‌بوون، کە برینی سیانیان مەترسیدارە" .

لەلایەکی تریشەوە شێرزاد هەروری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی زاخۆ بەدەستووری راگەیاند تەنها برینی سێ پێشمەرگەیان سەخت بووەو بەمەبەستی چارەسەرکردن رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک کراون.

ئەو لێپرسراوەی ئێزیدیەکان لەوەزارەتی ئەوقاف، باسی لەوەشکرد ماوەی چەند ساڵێکە کردەوەی خۆکوژی و تەقینەوە ناهێڵێت ئێزیدیەکان ئەو جەژنە سازبدەن، بۆیە ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدیەکان ئەو بڕیارە دەردەکات.

جەژنی جەما لە٦ تا ١٢ی ئەم مانگەی دەبێت، جگە لەوەش لەساڵانی پێشودا چەندین تەقینەوە لەناوچە ئێزیدیەکاندا ئەنجامدراوە کە لە ئەنجامدا سەدان کەس بونەتە قوربانی.

# ٧٠ هەزار کەس ناویان بۆ حەج نوسیوە

## وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف: لەتیروپشکی ناوی حاجیاندا واستەو بەرتیلدان هەبووە

دەستوور. هەولێر

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوەدەدات لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و عێراقیشدا ناردنی حاجیان بەشێوەی تۆمارکردنەو دوای ئەنجامدانی تیروپشک یەکجار سەفەرکردنی حەجیان بۆ چەند ساڵێک دیاریدەکرێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆی تیروپشکی ساڵانەو واسیتەو بەرتیلەوە کێشەیەکی زۆر دروستبووە.

وتەبێژەکەی وەزارەتی ئەوقاف، دان بەبونی واسیتەو پێدانی بەرتیلدا دەنێت لەلایەن هەموو چین‌و توێژەکانەوە لەبەرامبەر ئەنجامدانی سەفەری حەجدا، وتی"سەفەری حەج بەبەرتیل‌و واسیتەکردن نابێت، جگە لەوەش هەر بەرپرسێك دێت لەبری ئەوەی کارەکانی ئەوەی پێش خۆی تەواو بکات، هەوڵدەدات هەموو کارەکانی بسڕێتەوە، تەنانەت لەزۆرکاتدا بەکەمتەرخەم ناویدەبات".



بەرپرسان پشکیان لە ناوی حاجیانیشدا هەیە

فۆتۆ:سایتی وەزارەتی ئەوقاف

سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی بەڕێوەبەری گشتی حەج‌و عەمرە لەوەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، بەهەمان شێوەی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، ئاماژە بەو کەموکوڕیانە دەکات کە ساڵانە بەهۆی ئەنجامدانی تیروپشکەوە بۆ حاجیانی هەرێمی کوردستان دروستدەبێت.

سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی بەدەستووری وت"حاجیانی کوردستان ئامادەییان تێدانییە پارە بدەن‌و ماوەی چەند ساڵێك چاوەڕوانبن، بەپێچەوانەی حاجیانی عێراقەوە، کە پارەی تا ساڵی ٢٠١٥ دراوەو کاتی سەفەرکردنی حەجیان دەزانن".

ناوبراو، وتی"وەزارەتی ئەوقافی عێراق بەو پارەیەی لەحاجیانی خۆی وەرگرتوە، چوار فڕۆکەی بۆ گواستنەوەی حاجیان کڕیوە، ساڵانەش لەوڵاتی سعودیە باشترین شوێن بۆ حاجیانی دابیندەکات".

مەریوان نەقشبەندی، جەختی لەوە کردەوە بەهۆی ئەنجامدانی تیروپشکی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج‌و عەمرەوە، کێشەیەکی زۆر دروست بووە "لەسەر شێوازی ئەنجامدانی ئەو تیروپشکە، هاووڵاتیان چەندین گومانیان لا دروستبووە کەمافی خۆیانە، تەنانەت چەندین پرسیاری بێ وەڵامیشی لەخۆگرتووە، پێشموایە سیستەمێکی زۆر هەڵەیەو پێویستە چارەسەر بکرێت".

لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس ناوی خۆیان بۆ سەفەری حەج تۆمارکردووە، بەڕێوەبەری گشتی حەج‌و عەمرەش، بۆ دەستووری روونکردەوە ئەگەر یەکجار تیروپشك بۆ ئەو ناوانە بکرێت‌و کاتی ئەنجامدانی سەفەری حەجیان بۆ دیاری بکرێت، بەشێکیان تا ٢٠ ساڵی تریش ناتوانن سەفەری حەج بکەن.

سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی، ئاماژە دەدات بەبوونی واسیتەو بەرتیل‌و ناردنی ناوی تایبەت لەلایەن بەرپرسانەوە، وتی"بەرپرسەکان ساڵانە پشکی خۆیان هەیە، دەبێت ئەو ناوانەی بۆمانی دەنێرن، سەفەری حەج بکەن، ئەوەش گرفتێکی گەورەی دروستکردووە، ئایا جێبەجێکردنی فەریزەی حەج، بەپێدانی بەرتیل‌و واسیتەکردن‌و پشکی تایبەت دەبێت؟، ئەوەش دەپرسم تاچەند ئەو فەریزەیە لەڕووی شەرعیەوە قبوڵ دەبێت؟".

مەریوان نەقشبەندی، بەشێکی زۆری ئەو کەموکورتیانەی لە پرۆسەی حەجدا هەیە بۆ دوو ئیدارەیی‌و یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکانی پێشووی هەرێم گەڕاندەوە، وتی" بەهیچ شێوەیەك لەپرۆسەی حەج رازی نیم‌و بەشێوەیەکی باش بەڕێوەناچێت، چ لەنێو هەرێمی کوردستاندا، چ لەوڵاتی سعودیەشدا".

# کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو تۆتالیتاری هەنگاو دەنێت

خالید ئەحمەد

تا ئێستا زۆرێك لە نوسەران و لێکۆڵەروان خۆیان ئەدزیەوە لە ناوهێنانی ئێران بە دەولەتێکی تۆتالیتار، ئەگەرچی هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە ئایدۆلۆژیای دەولەتیانەی ویلایەتی فەقیهی لەخۆگرتوەو ئابوریش لە ژێر کۆنترۆلی دەولەتدا بوە. بەڵام ئالوگۆرەکانی ئەم دواییە کەم تا زۆر نیگاو تێروانینەکانی سەبارەت بە پێکهاتەی ئەمڕۆی و شێوازی رژێمی دەسەڵاتداری ئێران گۆڕیوە.

لێکۆلەرەوانی بواری سیاسەت ٣ ئالوگۆری بنەرەتی لە پێکهاتەی رژێمی ئێراندا دەستنیشان دەکەن که کاریگەریەکی زۆریان دەبێت لەسەر شێوازی گوزەران و ژیان لە نێوخۆی وڵاتەکەو تەنانەت پەیوەندیی ئێران بە دراوسێکانی و کۆمەلگەی نێودەولەتییەوە، ئەوانیش بریتین لە

١–کۆتایی هێنان بە ململانێ و کێبرکێی سیاسی

رەنگە هەموو هاوڕابین لەسەرئەوەی لە دروست بونی کۆماری ئیسلامیەوە لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ئەمرۆ کێبرکێکان لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنێکدا نەبووە کە سەر بە ئایدۆلۆژیاو ئیدیاو رەوتێکی جیاواز بێت لە دەرەوەی دەسەڵاتدا وەك لە دەولەتە دیموکراتیەکاندا دەبینرێت، بەلکو وەك زۆرێك لە دەسەڵاتە گشتگیرەکان ململانێکە لە ناوخۆی دەسەڵاتدارانی فەرمانرەوادا بووە.

حکومەتە سێ کوچکەکەی ئەم دواییەی (خامنەیی–ئەحمەدی نەژاد–سوپای پاسداران) کۆتایی بە هەموو ململانێیەکی ناوخۆیی دەسەڵاتداران هێناو بوە دەسەڵاتێك کە رەقیبێکی ناوخۆیی بۆ خودی خۆی نەهێشتۆتەوە. لێرەشەوە ئەوی دەنگی نارەزایی بەرزبکاتەوە دەبێتە خۆفرۆش و پیاوی بێگانەو دەبێت لێپرسینەوەی لەگەلدا بکرێت و لە زیندان توندبکرێت.

٢–هونەرو کەلتوری دەولەتی

دوای چوار ساڵ لە فەرمانرەوایی ئەحمەدی نەژاد هەموو دەنگێکی جیاوازی ئەدەبی و هونەری و کەلتوری بنەبرکران و لەجێگایدا ئەدەب و کەلتورێکی دەولەتی دانران کە لە مێژووی کەلتوری فرەرەنگ و فرەدەنگی ئێراندا وێنەی نەبووە.

سینەمای ئێرانی بۆتە سینەمای چەند کەسێکی تایبەت و هەموو رەنگێکی هونەری و کەلتوری لە دەستداوەو تا ئێستاش شۆرشی ناو زانکۆو پەیمانگەکان بۆ پرۆسەی بە ئیسلامی کردنی کەلتور هەر بەردەوامە.

تەنها ژمارەیەکی کەمی پیاوانی ئاینی نەبێت دژ بە دەسەڵاتن هیچ پێگەیەکی ئاینی سەربەخۆ نابینیتەوەو بودجەی هەموو دامەزراوە ئاینی و کەلتوریەکان لەلایەن حکومەتەوە دەستەبەر دەکرێ. تەنانەت حەوزە ئاینیەکانیش لەو داوە رزگاریان نەبوەو هیچ سەربەخۆییەکیان بۆ نەماوەتەوەو خزێنراونەتە ژێر رکێفی دەولەتەوە.

٣–هەللوشینی ئابوری وڵات

لەو دوو خالەی سەرەوە گرنگتر، هەلوەشاندنەوەی ئابوریی وڵاتەو قوتدانیەتی لەلایەن پێکهاتە سەربازیەکانی دەولەتەوە. ئەحمەدی نەژاد ئەو رێکخراوانەی سەر بە رابەری وڵات نەبوون کەم کەم گرتەدەست. بە جۆرێك گەر لە ئایندەدا دەسەڵات بکەوێتە دەست دەستەیەکی تری سقیل، ئەوا دەسەڵاتی راستەقینە هەر لە دەست رابەریدا دەمێنێتەوە کە جارێکی تر لە رێگەی سوپاوە ئابوری وڵاتی گرتۆتە دەست. لەم ماوە کەمەدا کرینی ٥١٪ی پشکەکانی تەلەفۆنی ئێران لەلایەن سوپای پاسدارانەوە، رەنگە باشترین بەلگە بێت.

لێرەوە دەبینین کاتێك دەزگایەکی سوپای و سەربازی کە دەسەڵاتی سیاسی و پێگە گرنگەکانی ئابوری دەگرێتە دەست چیتر لە گەمە دیموکراتیەکان دەچێتە دەر و هەموو چاودێریەك رەتدەکاتەوەو لەگەلیشیدا بەرگی دیموکراسی لەبەرخۆی دادەماڵێ.

# مەڵبەندی دەربەندیخانی یەکێتی کۆبوونەوەی حیزبی بەکارمەندانی پۆستە دەکات

دەستوور. دەربەندیخان

مەڵبەندی دەربەندیخانی یەکێتی کۆبوونەوەی حیزبی بەکارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پۆستەی دەربەندیخان دەکات، بەشێك لەکارمەندەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەش کۆبوونەوەکە بەجێدەهێڵن، بەڕێوەبەری فەرمانگەکەش دەڵێت بۆ ئەوە بردوویانن تا ئەوانەی مافخوراون فۆڕمیان بۆ پڕبکەنەوە.

یەکێك لەو کارمەندانەی کە کۆبوونەوەکەی بەجێهێشتووە، بە دەستووری وت"ئەو کەسانەی سەر بەیەکێتی نەبووین، لەکۆبوونەوەکە هاتینە دەرەوەو لە بەڕێوەبەرەکەش تووڕە بووین، لەبەرامبەردا پێیوتین نەیزانیوە بۆ کارێکی لەو شێوەیەیە".

ئەنوەر ئیسماعیل بەڕێوەبەری پۆستەی دەربەندیخان، دانی بەوەدانا کە فەرمانبەرەکانی بۆ کۆبونەوەی حیزبی بردووە، وتی"بەڵێ ئێمە چووین بۆ مەڵبەندو ئەو کارمەندانەی مافخوراو بوون فۆڕممان بۆ پڕکردونەتەوەو بەئۆتۆمبێلی فەرمانگەکەشمان بردومانن".

محەمەد حەمە حسێن جێگری مەڵبەندی دەربەندیخانی یەکێتی، رەتیدەکاتەوە کۆبوونەوەیان بە هیچ کەس کردبێت، دەڵێت"مافی خۆمانە لەهەر شوێنێکدا بێت رێکخستنی خۆمان نوێ بکەینەوە".

# تائێستا هێزەکانی پێشمەرگە سەر بەحیزبەکانن

بەرزان عەلی حەمە لەسلێمانی

دوای یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، تائێستا هێزەکانی پێشمەرگەی فەرماندەیی یەکێتی‌و فەلەکی پارتی نەخراونەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەرپرسێکی باڵای وەزارەتیش ئاماژە بەوەدەکات لەدوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمەوە ئەو هێزانە یەکدەخرێن.

جگە لەو هێزە سەربازییانەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەن، تائێستا یەکێتی‌و پارتی خاوەنی بەرفراوانترین هێزی پێشمەرگەن کە سەر بە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و لەشکری کوردستانی پارتین، سەرباری ئەوەی زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی کوردستان هەر یەکەو فەوجێك یان زیاتر چەکداریان هەیە، بەهۆی ئەمانەشەوە تەواوی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وەك میلیشیا تەماشا دەکرێن.

جەبار یاوەر مەندە وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی"تەشکیلاتی فەلەك لەگەڵ تەشکیلاتی فەرماندەیی جیاوازییان هەبووە لەڕووی پێکهاتنەوەو لەڕووی پلە سەربازییەکانیشەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا جیاوازی لەشێوازی جلوبەرگەکانیاندا هەبووە".

یاوەر روونیکردەوە بۆ یەکخستنی شێوازی ئەو دوو هێزەش پێویستیان بە میلاکێکی یەکگرتووی تایبەت بەوەزارەتی پێشمەرگە هەیە، کە ناردوویانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تا پەسەندی بکات.

یاوەر وتی"ئەگەرچی بڕیاری کۆتاییان لەبارەوە دراوە، بەڵام دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئەو هێزانە یەکدەخرێنەوە، چاوەڕێی ئەوەش دەکەین کابینەی نوێ پێکبهێنرێت‌و ئەو میلاکەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانە پەسەند بکرێت".

تائێستا وەزارەتی پێشمەرگە دوو هەیکەلی ئیداری‌و دوو یەکەی سەربازیی جیاوازی هەیە کە لەژێر فەرمانی راستەوخۆی یەکێتی‌و پارتیدا بەڕێوەدەچن، جگە لە هەردوو دەزگای ئاسایش‌و دەزگاکانی زانیاریی‌و پاراستن، کە هەموو ئەو هێزانە تا ئێستا لەچوارچێوەیەکی نیزامیدا رێکنەخراون و نازانرێت سەر بەچ دەزگایەکی دەوڵەتین.

# برامان برایی و کیسەمان جیایی

## گۆڕان دوا بڕیاری خۆیداوە سەبارەت بە بەشداریکردنی بەلیستی جیا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق



گۆڕان ماڵی خۆیان جیاکردەوە، بەڵام دەڵێن برایەتییەکە دەپارێزین

فۆتۆ: دەشتی ئەنوەر

فەرهاد قادر

لیستی گۆڕان دوا بڕیاری خۆی داوە بە لیستێکی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکات، بەوەش یەکریزی کورد لە بەغدا دوو لەت دەبێت، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوان پابەندی یەکهەڵوێستی دەبن لەسەر مەسەلە نیشتمانییە ستراتیژییەکان.

### یان برابەش یان ماڵ جیایی

حیزبە کوردستانییەکان چاوەڕێی هەڵوێستی فەرمی و یەکلاکەرەوەی یەکێتی و پارتی دەکەن، سەبارەت بەپێکهێنانەوەی لیستی هاوپەیمانی یان هەڵوەشاندنەوەی، دوا بڕیاری خۆیان بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردن هێشتوەتەوە بۆ بڕیاری ئەو دوو حیزبە سەرەکییە.

عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی دەستور وتی"پەیمان خۆشە سەرجەم لایەن و قەوارە سیاسیە کوردیەکان بەیەك لیست بەشداربین لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەی عێراق و هاوپەیمانیەکەمان پتەوتربکەین، تا بتوانین دەنگێکی شایستە بهێنین و ڕۆڵێکی باش ببینین لەبەغداو مافەکانی خۆمان مسۆگەر بکەین".

زانا سەعید ڕۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "پەیمان باشە هەموو هێزە سیاسیەکان بەیەك لیست بەشداربن بەمەرجێك مافی هەموو پێکهاتەو کیانێك پارێزراوبێت، هەردوو حیزبی دەسەڵاتیش هەر خۆیان نەبینن لەمەیداندا حساب بۆ هێزەکانی تریش بکەن، گەر وانەبێت کۆمەڵی ئیسلامی بەجیا بەشداری هەڵبژاردن دەکات".

محەمەد فەرەج ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی ئاماژە بەوە دەدات کە بڕیاری کۆتاییان نەداوە و ئەگەرەکانیان بەکراوەی هێشتووەتەوە کە یەکێکیان دووبارەکردنەوەی ئەزمونی ساڵی ٢٠٠٥ ە. "ئەگەری بەشداریکردنی چوار لایەنە سیاسیەکە یان لیستێکی فراوانتر هەیە".

محەمەد بازیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستووری ڕاگەیاند سێ ئەگەر لەبەردەمیاندایە کە پێکهێنانی لیستی هاوپەیمانێتی هەموو لایەنەکانە یان بە لیستێکی ئیسلامی یاخود بەتەنیا وەك ساڵی ٢٠٠٥ بەشدار دەبن.

محەمەد بازیانی وتی"یەکێتی و پارتی تا ئەم ساتە وەختە بەشداری جدیان بە لایەنە سیاسیە کوردیەکان نەکردوە لەپرسە چارەنوسسازەکاندا تا ئەوانیش بەکارایی بچنە ناو ڕووداوەکانەوە".

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ باڵی سکرتێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستور دەڵێت هێشتا بڕیاری کۆتاییان نەداوەو چاوەڕێی هەڵوێستی لایەنەکانی ترن.

زیرەك کەمال ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت تا ئێستا باشداریکردنیان بە یەك لیستی یان دروستکردنی ئیتیلاف لەگەڵ لیستەکانی تردا بەکراوەیی هێشتوەتەوە.

زیرەك وتی "بەداخەوە تا ئێستا لەکوردستان کەمتەرخەمی هەیە و ساردییەك هەیە و ئەگەرەکانی ئەوەش زۆرن کە کورد بەیەك لیست بەشدارنەبێت".

### گۆڕان کیسەی خۆیان جیادەکەنەوە

لیستی گۆڕان ڕایانگەیاندووە کە نوێنەرەکانی کورد لە بەغداد چ لەپەرلەمان و حکومەتدا سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە بڕیاریان داوە بە لیستێکی جیا و بەتەنها بچنە هەڵبژاردنەوە.

عەدنان عوسمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت هیچ لایەنێك داوای لێنەکردوون بۆ بەشداریکردن بەلیستی هاوبەش لەهەڵبژاردن، وتی "ئێمە بڕیاری کۆتاییمان داوەو بەتەنیا و بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکەین".

حیزبەکان دەڵێن پەراوێزخستن قبوڵ ناکەن

سەبارەت بەبانگەشەکارانی یەك لیستی کە داوا دەکەن بەرژەوەندییە حیزبییەکان لەپێناو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا وەلابنرێن، حیزبەکان داوا دەکەن یەکێتی و پارتی هەموو دەستکەوتە نیشتمانییەکان کە هەموان پێکەوە بەدییان هێناوە نەکەن بەدەستکەوتی خۆیان و هەموو ئیمتیازاتەکانیش تەنها بۆ حیزبەکانیان نەبەن.

ڕۆستایی دەڵێت دەبێت یەکێتیو پارتی دەست هەڵبگرن لەکۆمەڵێك ئیمتیازات و دەستکەوت کە بۆ خۆیان دەستەبەرکردوە، بەشێکی بدەن بە حیزبو لایەنە کوردییەکانی تر کە هاوپەیمانن لەگەڵیاندا، "بۆ ئەوەی یەك ڕیزی ماڵی کورد پتەوتر بکرێت".

محەمەد فەرەج وتی "دەبێت هەوڵەکان بۆ ئیمتیاز نەبێت با هەوڵەکان بۆ کارکردنی جدی بێت لەپێناو ئامانجە ئەساسیەکاندا".

### فرە لیستی و یەك هەڵوێستی

لەساڵی ٢٠٠٥ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد، لە چوارساڵی ڕابردووشدا هاو هەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی بووە لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا.

داکۆکیکەرانی فرە لیستی ئەزمونی یەکگرتوو وەك نمونە دەهێننەوە بۆ بۆچونەکەیان، بەڵام یەکێتی و پارتی پێیان وایە فرە لیستی زیان دەگەیەنێت بە هەرێمی کوردستان و پێگەی کوردستان لاواز دەکات لەبەغداد.

محەمەد فەرەج دەڵێت ئەوەی گرنگە هاوهەڵوێستیە لە مەسەلە چارەنوسسازەکاندا، "دەکرێت فرە لیست بین، بەڵام یەك هەڵوێستبین".

عیماد ئەحمەد دەڵێت بەشداریکردنی کیانە سیاسیە کوردیەکان لەهەڵبژاردنی داهاتووی عێراقی بە جیاجیا پەرتەوازەبوونەو "تیرێکی کوشندە" لە ڕۆڵ و پێگەی کورد لەئایندەی عێراق و بزوتنەوەی سیاسی لەکوردستان دەدات.

ئەحمەد بەپێویستی دەزانێت هەموو لایەنەکان مەسەلەی نەتەوایەتی بکەن بە خاڵی گرنگ تا بتوانن بەسەر هەموو ئاستەنگەکانی دژ بەکورد زاڵبن، "هەموو ناکۆکیو ململانێکانی خۆمان بهێلینەوە بۆ ناو کوردستان".

زیرەك کەمال بڕوای وایە "مادام هەموو کورد کێشەی لەبەغدا یەك کێشەیە، لەبەر ئەوە بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان وادەخوازێت هەموو لیستە کوردییەکان بەیەك لیست بچینە ئەو هەڵبژاردنەو یەك هەڵوێستو یەك بەرنامەبین".

بۆیە بەبڕوای ئەو بەشداریکردنی هەر لیستێکی کوردی بەتەنها بەزیان تەواو دەبێت بۆ هەموو لایەك، "بەشی زۆری حیزبە سیاسیەکانی عێراق ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت و بۆیان بکرێت لەهەموو ئەو مادەو بڕگانە پەشیمان دەبنەوە کە لەدەستوری عێراق چەسپاون و مافەکانی کوردی دەستەبەر کردووە".

قادر عەزیز وتی" بوونی فرە لیستی زیانی نییە، بەڵکو بوونی فرە هەڵوێستی زیانی هەیە، بەڵام دەبێت لەکۆتایدا یەك ئامانج کۆمان بکاتەوەو یەك هەڵوێست و یەك دەنگ بین لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا".

**عیماد ئەحمەد: بەشداریکردنی کیانە سیاسیە کوردییەکان لەهەڵبژاردنی داهاتووی عێراقی بە جیاجیا پەرتەوازەبوونەو "تیرێکی کوشندە" لە ڕۆڵو پێگەی کورد لەئایندەی عێراق و بزوتنەوەی سیاسی لەکوردستان دەدات.**

# لیستی برایەتی نەینەوا و حەدبا ڕێکنەکەوتوون

## "ئەگەر لەگەڵ لیستی حەدبا نەگەینە ڕێکەوتن، ئەنجومەنێك بۆ ناوچەکانی خۆمان دادەمەزرێنین"

دەستور. دهۆك

دەرمان حاجی خەتاری وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا، لەچاوپێکەوتنێکدا کە دەستوور لەگەلیدا سازیداوە، ئاماژە بەوە دەدات لەگەڵ لیستی حەدبا ڕێکەوتون بەردەوامی بدەن بە کۆبونەوەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوولا، راشیگەیاند لەکۆبونەوەکاندا لایەنی ئەمریکی بەشداری تێدادەکەن.

ڕۆژی ٩/٦ لەسەر داخوازی کونسوڵی ئەمریکا لەموسل، هەردوو لیستی برایەتی و حەدبا لەموسل کۆبونەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکە.

دەرمان خەتاری ڕایگەیاند هەردوو لیستەکە ڕێککەوتون دانوستاندنەکان تایبەت دەبن تەنها بە ڕەوشی ناوخۆی پارێزگای موسڵەوە، ووتیشی"بابەتەکانی گرێدراو بە سنوری هەرێمی کوردستان، ماددەی ١٤٠ ی دەستوری عێراق و هەبونی هێزی پێشمەرگە لەناوچە دابڕاوەکان بۆ حکومەتی فیدراڵ و هەرێم جێدەهێڵین".

وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا ئاماژەی بەوەدا هەردوو لیستەکە تەنها دانوستاندن دەکەن لە دور خاڵە پەیوەندیدارەکان بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پارێزگای موسل، دابەشکرنی دەسەڵات، دابینکرنی ئارامی ئاسایش بۆ خەلك، دابەشکرنی میزانیە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی خزمەتگوزاری و پاراستنی هاوسەنگی لەدامەزراندنی لەناو هێزەکانی پۆلیسدا".









ئاڵۆزییەکانی موسڵ بەرەو ئەوە دەچێت پارێزگایەکی تر لەناوچەکە پێکبهێنرێت

خەتاری وتی "ئێستا ٢٢ هەزار پۆلیس لە موسڵ هەیە، ڕێژەی کورد لەوژمارەیە (٢٪) کەمترە".

دەڵێت دەستوری عێراق و یاسا بنەمای سەرەکییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە.

وتەبێژی لیستی برایەتی وتی "لیستی برایەتی نەینەوا سورە لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو جێگری یەکەمی پارێزگای موسڵ وەربگرێت، ئەوەش وەك ئیستحقاقی لیستەکەمان دەزانین و مەرجی سەرەکیمانە بۆ بەشداری لە ئەنجومەنی پارێزگا کە ئێمە نوێنەرایەتی زیاتر لە ملیۆنێك خەڵك دەکەین".

پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای موسل چەندین نەتەوەو ئاینی جیای تێدایە، بۆیە بەبڕوای خەتاری ئەگەر ڕەچاوی ئەو پێکهاتانە نەکرێت ناتوانرێت ئیدارەی پارێزگاکە بە باشی بکرێت، دەڵێت ئەگەر ئیدارەکە بەتەوافوق بێت ئەوا ئەتوانێت سەرکەوتووبێت لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵك.

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە مانگی یەکی ئەمساڵ بەڕێوەچوو، لیستی حەدبا زۆرینەی کورسیەکانی بردەوەو توانی ببێتە خاوەنی ١٩ کورسی لەکۆی ٣٩ کورسی و هەموو پۆستەکانی پارێزگاکەی بۆخۆی بردووە، لیستی برایەتیش تەنها ١٢ کورسی پێبرا.

دوای ئەو هەلوێستەی لیستی حەدباو فەرامۆشکردنی لیستی برایەتی، ئەو لیستە لەئەنجومەنی پارێزگا کشایەوە، دواتریش ١٦ یەکەی ئیداری پەیوەندیان لەگەل پارێزگای موسل بڕیوە کەزۆرینەیان کورد نشین.

"ئەگەر لیستی برایەتی بەشداری بکردایە لە ئیدارەی ناوخۆیی پارێزگاکە، ئەوا ئیدارەکە سەرکەوتوو دەبوو لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکە" خەتاری وایوت.

وتەبێژی لیستی برایەتی ووتی "ئەگەر هاتو لیستی حەدبا لەسەر هەمان بۆچوونی خۆی بەردەوام بێت و چارەسەرێك بۆ بەشداری چالاکانەی لیستی برایەتی نەدۆزێتەوە، ئێمە ناچار دەبین ئەنجومەنێکی نوێ تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە و یەکە ئیدارییانەی کە لەموسل دابڕاون، پێکبهێنین".

وتەبێژی لیستی برایەتی ئەوەشی زیادکرد بۆ قسەکانی کە ئەوان ئەوە وەك دوا هەنگاو دەبینن، "لەگەل ئەوەشدا بەردەوام دەبین لەگفتوگۆ و دەرگای دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی خەلکدا هەمیشە بەکراوەیی ئەهێلینەوە".

# ڕاوی گۆڕان یان "گەندەڵکاران"

## هەوڵەکانی حکومەت بۆ سزادانی گەندەڵکاران سروشتێکی سیاسی وەردەگرێت





دەستوور

بەرپرسانی حکومەتی هەرێم چەند بەرپرسێکیان لە پۆستەکانیان لابردووەو هەندێکیشیان بۆ دادگا بانگکردووە بەتۆمەتی گەندەڵی، بەڵام ئەوان دەڵێن بابەتەکە تەنها ململانێی سیاسییە و هەزاران کەس ڕاپۆرتی چاودێریی دارایی تۆمەتباری کردوون و لێیان نەپێچراوەتەوە.

دوای ئاشکرابوونی ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی لەسەر پارێزگای سلێمانی و دواتر ئاشکرابوونی دیارنەمانی ١٨ ملیۆن دۆلاری وێستگەیەکی کارەبا، ئەنجومەنی وەزیران دوو لیژنەی پێکهێنا بۆ ئەو مەبەستە، کە ئێستا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەن.

دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی کە چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیرانە. "هەرکات پێویست بکاتو داوام لێبکرێت دەچمە بەردەم دادگا بۆ وەڵام دانەوەی ئەو تاوانانەی دەخرێنە پاڵم، من هەمووو وەڵامەکانم هەڵدەگرم بۆ ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیران و دادگا ئامادەی دەکات، چونکە ئەو ڕاپۆرتە هەموو وەڵامێك دەداتەوە".

دانا ئەحمەد مەجید وتی"تا ئێستا بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی چاودێریی دارایی هیچ تاوانێك نەخراوەتە ئەستۆی منو دور تا نزیك ناوی منی تێدا نییە".

ئەو بەرپرسانە دەڵێن بەهۆی ململانێی سیاسییەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام دادگا بەڵگەی دەوێت لەسەر ئەو کەموکوڕیانەی کە ڕووبەڕوویان کراوەتەوە. ئەو بانگەشانە نابێتە پاساو بۆ نەچوونە بەردەم دادگا.

نەوزاد حەمید قائیمقامی پێشوی چەمچەماڵ کە گوێزراوەتەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان، دەڵێت هۆکاری گواستنەوەکەی کارێکی شەخسیە، "لەبەرئەوەی پێشتر هەوڵدرا لە چەند ڕێگایەکی ترەوە من لەو پۆستەم دوربخرێمەوە بەر لەهەڵبژاردنەکان، لەوانەش داوام لێکرا مۆڵەت بکەمو بڕی (١٦)هەزار دۆلاریشم بۆ نوسرا بۆ ئەو مۆڵەتکردنەمو منیش قایل نەبووم، چونکە کارێکی نایاسایەو هیچ پاساوێکم نەدەبینی بۆ ئەو مۆڵەتە".

لیوا جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی" ئەو قسانە دورن لەڕاستیەوەو لەمانگی شەشدا قائیمقام داوای خەرجکردنی ئەو بڕە پارەییەی کرد بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتو سەفەرکردنی بۆ دەرەوە، وەزارەتی ناوخۆش داواکەی پەسەند نەکرد".

قائیمقامی پێشووی چەمچەماڵ وتی "پەنایان بۆ ئەوە بردوە، خانویەکی براکەم پیشان دەدەن و دەڵێن هی قائیمقامە، ئەو خانووە لەساڵی ١٩٧٤ دروستکراوەو بەناوی منیشەوە نییەو من سکاڵاش لەدژی ئەو هەموو درۆیانە لەدادگا تۆمار دەکەم".

نەوزاد حەمید ئاشکراشیکرد، لابردنەکەی یاسایی نەبوو، تەنها بەنوسراوێکی ئیدارەی گەرمیان کە ئاماژە بەوە دەکات لە ژێر ڕۆشنایی پەیوەندی تەلەفۆنی بریکاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بڕیاری ئینفکاکی قائیمقامی چەمچەماڵ ڕاگەیەنرا.

جەلال کەریم وتی"قائیمقام لەسەر کار لانەبراوە، بەڵکو تەنها گوازراوەتەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان".

لەماوەی پێشوودا دوای ئەوەی پارێزگاری سلێمانی و قایمقامی هەڵەبجە بەتۆمەتی گەندەڵی و بە پشت بەستن بەڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی دۆسیەکانیان درا بە دادگا. چەند بەرپرسێکی تریش لابران کە سەرجەمیان پشگیری لە لیستی گۆڕان دەکەن، بەڵام هیچ بەرپرسێکی تر ڕووبەڕووی دادگا نەکراوەتەوە.

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت حیزب ئەو پۆستانەی داوە بەو کەسانە بۆیە ئاساییە گەر لێیان بسێنێتەوە، "دەشێت حزب کەسانی تر لە ئێستادا بەشیاو بزانێت بۆ ئەو پۆستانە، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو کەسانە نەشیاوبن یان گەندەڵ بن، بەڵکۆ گۆڕان لە هەر پلەو پۆستێك ئاساییە".

نەوزاد حەمید وتی" کێشەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی ئێمەی تێدا بەرپرسیارنین، ئەوانەی سەروی ئێمە بەرپرسیارن بەتایبەت مەکتەبی سیاسی کە ئەوانن کۆدەبنەوەو کێشەیان هەبووەو جیابونەوەیان هەبووە، کادێرانی خوارەوە هیچ تاوانێکیان لەو قەیرانانەدا نییەو دەبوو پێشتر لە خۆیانەوە دەستیان پێبکردایە نەك لەخوارەوە".

نوسەرو ڕوناکبیر ڕێبین ڕەسوڵ بەرپرسی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ask) پێی وایە هێشتا گۆڕان نەبۆتە بەشێك لەسونەتی ژیانی خەڵك بۆیە کاتێك کەسێك دەگۆڕن گەر بێتو گۆڕانەکەش ئاسایی بێت، بەجۆرێك تەفسیری بکەن کەمەسەلەی سیاسی لەپشتەوەیە.

هەڵمەتەکەی حکومەت بۆ دادگاییکردنی ئەو بەرپرسانەی لەگەندەڵییەوە گلاون بەرفراوان نەبوو، تەنها چەند بەرپرسێکی سەر بە لیستی گۆڕانی گرتەوە، خەڵك خوازیارن هەموو ئەوانەی پۆستەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکارهێناوەو لەسەر حسابی سامانی گشتی دەوڵەمەند بوون بدرێنە دادگا.

عەبدوڵڵا حاجی ئەحمەد، ٣٨ ساڵ، شۆفێری تەکسی، هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بە ئیجابی دەبینێت بۆ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، وتی" خۆزگە حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی ورد هەوڵەکانی دەخستەکار بۆ بنەبرکردنی گەندەڵکاران، تا جارێکی تر خەڵك متمانەی پێیان هەبێت".

عەبدوڵڵا دەڵێت بەشێك لە ئەرکەکە لەسەر لیستی گۆڕانە، چونکە ئەوان هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن دامودەزگاکانی حکومەت پڕیەتی لە گەندەڵی، "دەبێت ڕاشکاوانە ناوو پۆستی ئەو کەسانە ئاشکرابکەن بە بەڵگەوە تا بۆ هەموو لایەك ڕونبێتەوە گەندەڵی لە چ ئاستێکدایە".

عیماد ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا چەند لیژنەیەکیان دروستکردوە بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕاپۆرتانەی باس لەگەندەڵی دەکەن، وتی "لێپێچینەوەش بەردەوامە و بەردەوامیشن لە کارەکانیاندا".

دیار سۆران حسێن، ٢٤ ساڵ، خوێندکار دەڵێت کاتی ئەوە هاتووە ئەو بەرپرسە گەندەڵانەی لە دامودەزگاکاندا هەن بدرێنە دادگا، بەڵام ئەو هەوڵانەی لە ئێستادا هەن سۆران بەسیناریۆی دەزانێت و پێی وانییە هیچ هەوڵێکی جدی هەبێت بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵی.

سۆران وتی "بەڵێنی زۆر دەبیستین بەوەی کە چەندین لیژنە بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیەکانی ناودامودەزگاکان پێکهێنراوە، بەڵام من هیچ گەشبین نیم".

ڕێبین ڕەسوڵ گومانی هەیە لەوەی حکومەت نیازێکی جدی هەبێت بۆ سزادانو لێپێچینەوەی گەندەڵکاران، وتی "ئیرادەیەك هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڵام تائێستا نەگەیشتۆتە ئاستی لێپێچینەوەو سزادان".

# خەڵکی گەرمیان چاوەڕوانی تاڵەبانین

## کەسوکاری شەهیدان دەڵێن وەڵامی ئەو داواکارییانەیان نەدراوەتەوە کە داویانە بە تاڵەبانی

دەشتی ئەنوەر لە گەرمیان

کەسوکاری شەهیدان و سەرۆك هۆزەکان لەگەرمیان لەچاوەڕوانی وەڵامی ئەو داواکارییانەدان کە ئاراستەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیان کردبوو، مەڵبەندی کەلاری یەکێتیش دەڵێن زۆربەی داواکان جێبەجێکراوە.

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمدا جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی، سەردانی شاری کەلاری کرد. جگە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری، چەندین داواکاری لەڕێگەی سەردانی تایبەتەوە بەدەستگەیشتووە، کە بەڵێنی دابوو زۆربەیان جێبەجێ بکات.

حاجی حەمید عەزیز محەمەد دانیشتوی گوندی شۆڕاوەی سەر بە ناحیەی ڕزگاریە، دەڵێت داواکارییەکی ئاراستەی تاڵەبانی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی نیە.

حاجی حەمید عەزیز سێ کورو هاوسەرەکەی شەهیدی یەکێتین. وتی"لە پێناو یەکێتیدا هەموو ئەندامانی خێزانەکەم لە دەست چوو، کاتێك مام جەلال هاتە ئێرە و ڕۆیشتم سەردانیم کردوو لە نزیکەوە چاوم پێکەوت بۆ ئەوەی هاوکاریم بکات".

حاجی حەمید دەڵێت بەهۆی ئەوەی لە هەشتاکاندا دووجار زیندانی کراوە لە بەعقوبە و سلێمانی ئێستا تەندروستی باش نیە، وتی"ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبم، ئەو داوایەم داوە بەمام جەلال کە پارەی چارەسەریم بۆ خەرج بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا من بێ وەڵام ماومەتەوە لە کاتێکدا خەڵکی تر داواکاری هەبوو بۆشی کرا".

ئەو نە زەوی پێدراوەو نەموچەشی هەیە، بۆیە دەڵێت، ناتوانێت بچێت بۆلای دکتۆر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی. وتی"مام جەلالم بەپشت و پەنای خۆم دانا، چونکە لە پێناوی یەکێتیدا جەرگی خۆم لە دەستدا کەچی ئاوڕێکیشم لێنادەنەوە".

حاجی حەمید دەڵێت بەرپرسانی یەکێتی لەگەرمیان لەوە بەرپرسیارن کە وەڵامی داواکارییەکەی بەدەست نەگەیشتووە. "دەمەوێت بزانم مام جەلال داواکاریەکانی داوەتە دەست کێ لە ناوچەکەدا؟ تاوەکو بۆمان یەکلا بێتەوە هۆکاری نەبوونی وەڵامی داواکاریەکانمان تاوەکو ئێستا چییە، چونکە چەندین کەسی تر هێندەی من موستەحەق نەبووە و خاوەنی شەهید و خزمەتو قوربانی نەبووە بۆ یەکێتی کەچی تەماشا بکە ئەوان سودمەند بوون، بەڵام ئێمە بێ بەش بووین".

مستەفا حاجی حەمە فەرەج سەرۆك عەشیرەتی لێخورە ئەویش زۆر نیگەران بوو لەوەی هەندێك داواکاری داوەتە دەست مام جەلال و ئەویش بەهەمان شێوە تاوەکو ئێستا وەڵامی نەدراوەتەوە.

مستەفا حاجی حەمە فەرەج بۆ دەستوور دەڵێت ئەوان شەهیدێکی زۆریان هەیە، بەڵام خزمەت نەکراون. مستەفا وتی "لەبەر ئەوەی مەڵبەندی کەلاری یەکێتی مەرجەعی داواکاریەکان بووە، مام جەلال لەگەڵ بەرپرسانی مەڵبەندەکەدا لە نزیکەوە دانیشتوە و ئەوانی بینیوە، منیش بۆ سۆراخی داواکاریەکان سەردانی ئەوانم کردو لە جیاتی ئەوەی وەڵام بدەنەوە، کەچی پێیان وتم ئێمەش هیچ وەڵامێکمان لا نیە و بۆ هەر کوێ دەڕۆن بڕۆن".

ئەو سەرۆك عەشیرەتە دەڵێت ئەوانەی لەسەردانەکەی تاڵەبانیدا سودمەندبوون هێندەی ئەوان قوربانیان نەداوەو خاوەن هەڵوێست نەبوون. "بەڵام دەبینی ئێمە داواکاریەکانمان پشتگوێخراوە، خەڵکی تریش سودمەند بوون".

محەمەد چاوجوان بەرپرسی مەڵبەندی ١١ی کەلاری یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات کە لەکاتی سەردانەکەی تاڵەبانیدا بۆ ناوچەی گەرمیان لەنزیکەوە چاوی بە هاووڵاتیان کەوتووەو ڕەزامەندی لەسەر داواکاریەکان دەربڕیوە.

محەمەد چاوجوان دەڵێت داواکارییەکان وەڵامدراونەتەوە، وتی"ئەوانەی تایبەت بوو بە مام جەلال خۆی ڕەزامەند بووە، ئەوانەش تایبەت بووە بە ئیدارەی گشتی دەبوایە بڕۆیشتنایە بۆ سکرتاریەتی مام جەلالو ئیدارەی گشتی".

بەرپرسی مەڵبەندی کەلاری یەکێتی دەڵێت ئاگای لەداواکاری کەسوکاری شەهیدان نییە، وتی"هەر داواکاریەك درابێتە مام جەلال ئەویش داویەتیەوە بە ئێمەو ئێمەش داومانەتەوە خاوەنەکەی، بەڵام ئەو کەسانەش کە تاوەکو ئێستا وەڵامیان نیە دەتوانن ئێستا داواکاریەکانمان بۆ بێننو ئێمەش بیبەینەوە بۆ هەڤال مام جەلال بە دلنیایەوە ئەویش ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕێت".



خەڵکی گەرمیان چاوەڕوانی ئەنفالکراوەکان بکەن یان وەڵامەکەی تاڵەبانی

# ئایا حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان راستگۆدەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەی کوردا؟

عەبدوڵا بۆزکورد

زۆرجار لەلایەن دیبلۆماتەکانەوە پرسیارم لێکراوە کە ئایا حکومەت تاچەند راستگۆیە لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەو پرسیارە هەمیشەییەی کە لە لای چاودێرە بیانیەکان دروست بووە ئەوەیە کە ئەم دەست پێشخەرییە تەنها دەروازەیەك دەبێت بۆ وەلامدانەوەی رەخنەکانی یەکێتی ئەوروپا، یان باشتر بڵێین پلانێکی رێکخراوە بۆ ئەوەی تۆپەکە بخەنە یاریگای ئۆپۆزیسیۆنەوە تا رەخنەی ئەو شکستهێنانە بخەنە ئەستۆی ئەوان.

پێشبینی من ئەوەیە کە حکومەت بە تایبەتی رەجەب تەیب ئۆردۆگانی سەرۆك وەزیر، بە تەواوی پابەندە بە جێ بەجێکردنی ئەم مەسەلەیەوە. ئەردۆگان بەتەواوی سورە لەسەر پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، ئەمەش سەرەرای زیادبوونی نارەزایی، تەنانەت لە ناو سەرکردەکانی پارتەکەی خۆشیدا، هەروەها لە دامەزراوەکانی تریشەوە لەو بارودۆخەی کە ئێستا سیستمی بیرۆکراسیو سەربازیو دادوەری ئەو ولاتەی تێدایە.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەو هۆکارانە بدەم کە بۆچی حکومەت راستگۆیە. لەسەرەتاداو لە پێش هەمویانەوە لەبەر ئەوەیە کە لەرووی سیاسیەوە کارێکی ژیرانە نییە کە پارتی دەسەلاتدار، پارتی دادو گەشەپێدان، دەستپێشخەرییەکی لەمشێوە لەم کاتەدا بخاتەروو لە کاتێکدا کە لە ئامادەسازی هەڵبژاردنێکی نیشتمانی تردایـن، کە رەنگە لە ساڵی 2011 یان زووتریش ئەنجام بدرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە سیاسییەکانی تر بە گەورەو بچوکیانەوە ستراتیجیەتی خۆیان دارشتووەو سەرقاڵی گەرمکردنی کەمپینن بە پێدانی بەڵێنی جۆراوجۆر بە هاووڵاتیانی ئەو ولاتە.

ئێمە ئەزانین کە سەرکردایەتی پارتەکان تا ئێستا ئاگاداری ئۆفیسە ناوخۆییەکانو پارێزگاکانیان کردووە کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووو بەرنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی پێشوەختدا بۆ ئەوەی دەنگدەرەکان بۆ لای خۆیان رابکێشن.

ئاشکرایە لای هەمووان کە حکومەت خۆی دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە بە پلانی ئاشکراکردنی چارەسەری کێشەیەکی زۆر هەستیار لە ولاتەکەدا.

خالی دووەم ئەوەیە لە هەنگاوەکانی پێشووی حکومەتدا دەرکەوتووە کە لەم حەوت ساڵەی دوایدا مافو ئازادی زیاتر دراوە بە هاووڵاتیانی کورد لە مێژووی هەموو کۆماری توکیادا، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم دەستکەوتانە لە پێش ئاشکراکردنی ئەم دەستپێشخەرییە نوێیەی کە دوو مانگ لەمەوپێش ئاشکراکرا بەدەستهاتووە.

جیاواز لە ئەمرۆ، دەیەیەك لەمەوپێش ئێمە نەماندەتوانی خەونیش ببینین بە هەبوونی گفتوگۆیەکی کراوەو راستگۆ لەسەر مەسەلەی کورد، ئەگەر بە رێکەوتیش وشەی "کورد"و "کێشە"ت لە تەنیشتی یەکەوە گۆ بکردایە ئەوا رووبەرووی دادگایی کردنو رقو کینەی یاسا دەبویتەوە.

من هەفتەی پێشوو لەگەڵ مەهدی ئێکار وەزیری کشتوکاڵو کاروباری دێهاتەکان، بووم لە گەشتێکماندا بۆ دیاربەکر، ئێکار ئەوەی پێوتم کە حکومەت کاری زۆری ئەنجامداوە لە ساڵی 2002 بۆ دابینکردنی مافە دیموکراتیەکانی هاووڵاتیانی کورد، تەنانەت پێش ئەم دەستپێشخەرییەش. منیش هاورابووم لەگەڵیدا.

گرنگترین دەستکەوت کۆتایی هێنان بوو بە باری نائاسایی لە باشوری رۆژهەلاتدا، ئەو یاسا چەوسێنەرەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر پەردەی باری نائاساییدا جێبەجێدەکرا رێگەی دەدا بە بەکارهێنانی تاکتیکی جیاواز لە دژی هاووڵاتیانی هەرێمەکەو زۆربەشیانی ناچارکرد کە دێهاتەکانی خۆیان لەو ململانێ لەگەل حکومەتدا جێبهێڵن، چەندین پێشێلکاری مافی مرۆڤ، کە کوشتن لە دەرەوەی یاساش دەگرێتەوە، لەو ماوەیەدا تۆمارکراوە.

جیاواز لە ولاتانی تری فرە نەتەوە، کوردەکان ئێستا رێگەیان پێدراوە کە ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن لە بروانامەی فەرمی لەدایکبووندا، تەلەفزیۆنی حکومی دەستی بە پەخشکردن کردووە بە زمانی کوردی، هەروەها ناوە رەسەنەکانی شارو شارۆچکەکان وەك پێشوویان لێهاتووەتەوە، ئەو قەدەغەکردنەی کە لەسەر موزیکی کوردی هەبوو هەڵگیراوە، وتنەوەی کۆرس بە زمانی کوردی رێگەی پێدراوە، بۆ متمانەکردن بەم حکومەتە، رێگایەکی درێژمان بە ماوەیەکی کورت بریوە.

خالی سێیەم ئەوەیە کە حکومەت رەنگە زیانێکی زۆری پێبگات ئەگەر ئەم دەستپێشخەریە، کە رەنگە کۆتا چەنسی حکومەت بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەو سەرکەوتوو نەبێت، بێجگە لە پارتی کۆمەلەی دیموکراتی DTP کە پشتگیری مەسەلەی کورد دەکات، پارتی دادو گەشەپێدان تەنها پارتە کە توانیویەتی دەنگێکی زۆر لە ناوچە کوردنشینەکان بەدەستبێنێت لە دوو هەڵبژاردنی پێشوودا، پارتی گەلی دیموکرات CHPو پارتی بزووتنەوەی دیموکراتی MHP هەردووکیان بوونیان نییە لە ناوچەکەدا، لەبەرئەوە پارتی دادو گەشەپێدان بووەتە جێگەی متمانەی زۆربەی کوردەکان، زۆر زیانی لێدەکەوێت ئەگەر پلانەکە سەرکەوتوو نەبێت، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئایا لۆمەی ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت لە سەرنەکەوتنی پلانەکە یان نا، لەبەرئەوەی چاوەروانییەکان زۆر زیادیکردووە.

خالی چوارەم ئەوەیە کە پارتە بچووکەکان لە ناوەندی چەپو ناوەندی راست هاوران لەگەل حکومەتدا سەرەرای هەبوونی چەند ناکۆکیەك لە درێژەی پلانەکەو رێگاکانی، بۆ نموونە مەعسوم تورکەر سەرۆکی پارتی چەپی دیموکرات، کە پارتەکەی بەشێك بوو لەو هاوپەیمانیەی دەسەلات پێش ساڵی 2002، پێیوتم کە پارتەکەی پشتگیری ئەم دەستپێشخەرییە دەکات، هەرچەندە چەند نارەزاییەکی دەربری لەسەر رێگاکانی جێبەجێکردن.

کۆتا فاکتەری گرنگیش ئەوەیە کە قەلەقی لەناو سەرکردەکانی پارتی دادو گەشەپێدان پەرەیسەندووە بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکوورو رۆژئاوادا، دژایەتیان بۆ پلانەکە زیادیکردووەو دلنیاکردن لەسەر ناسنامەی کوردی بوون دەنگدەرەکانی تۆراندووە، پارتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیش زۆر تەئکید لەسەر ئەم خالە دەکاتەوە.

کۆتا شیکاری من ئەوەیە کە ئەگەر ئەمە تەنها بۆ کۆکردنەوەی دەنگو گردکردنەوەی دەنگدەر بێت بەبێ ئەوەی ببێت بە شتێکی دیار، بە دلنیاییەوە کە بابەتێکی ترم هەلدەبژارد بۆ باسکردنی نەك بابەت لەسەر کورد، حکومەتیش زۆر دەستی بەم دەستپێشخەرییەوە گرتووە، ئەمەش دەریدەخات کە حکومەت راستگۆیە لەسەر بەردەوام بوون لەم رێگەیە.

هیوادارم حکومەت پابەندبوونەکانی بەکردەوە نیشان بدات، هەروەها پێشبینی دەکەم سەرۆك وەزیران بەلێنەکانی جێبەجێبکات بە بێ گوێدان بە هیچ شتێك، بە پێچەوانەوە ولات زۆر شت لەدەستدەدات.

و.لە ئینگلیزیەوە: زانا مەحمود



قسەکانی ئەردۆگان لەبارەی چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە، متمانەی پێناکرێت، چونکە هەنگاوی عەمەلی نەناوە فۆتۆ: رۆیتەر

# ئایا کێشەی کورد کێشەی ئاغایەتیە؟

ئۆراڵ چالشلار، رۆژنامەی رادیکالی تورکی

زۆر ئاسانە کە لەچوارچێوەی یەك کلێشەدا بیربکەنەوە، بۆ نمونە، بلێن "هەموو شتەکان ئەمریکا پلانی بۆ دادەرێژێت، هەرچی ئەمریکا بیلێت بێ قەیدو شەرت بەرپرسانی تورکیا جێبەجێی دەکەن، هەرچی لەناوچەکەدا روبدات ئەمریکای لە پشتەوەیە، هەرچیمان بەسەربێت بەهۆی ئەمریکاوەیە". کە بەو شێوەیە لێکدانەوە بۆ پێشهاتەکان بکەن ئیدی هیچ پێویست بە لێکۆلینەوەی وردو چاوخشاندنەوەو خوێندنەوەتان بۆ پێشهاتەکان ناکات، دەتوانن هەموو شتێك بخەنە ئەو قالبەوەو لێکدانەوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ بکەن، لە راستیدا ئەگەر وابیربکەنەوە راستیەکان هیچ بەهایەکیان نامێنێت، راستیەکانی خۆتان بەستانە، بیرکردنەوە لە یەك چوارچێوەدا مرۆڤ ئارام دەکات، بەلام بەم شێوە بیرکردنەوانە راستیەکانتان بۆ دەرناکەوێتو بەردەوام لە ژیانی خەونو خەیالدا دەبنو کاتێکیش رووبەرووی راستیە تالەکان دەبنەوە توشی سەرسامی دەبن، ئەمریکا ناتوانێ کۆنترۆلی هەموو شتێ بکات، ئاخۆ نەمانبینی کە چۆن لە ئەفغانستانو عێراق توشی چ شکستێکی سەربازیو سیسی بوو؟ یەکێکیش لەو کلێشانەی لەمەسەلەی کورددا لەسەری راهاتوینو لەبەرمان کردووە، ئەوەیە کە کێشەی کورد کێشەی ئاغایەتیەو ئاغاکان سەرچاوەی دواکەوتوییو کێشەکانی کوردن"، بەشی هەرەزۆرەی ئەوانەی ئەم لێکدانەوانە دەکەن، لە ژیانیاندا دیاربەکر یان هەکارییان نەدیوە، یان لە ماوەی ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵی رابردوودا نەیانبینیوە، ئەگەر بە رێکەوتیش بینیبێتیان هەر لەچوارچێوەی ئەو قالبەدا وێنایان کردووەو لێکدانەوەیان بۆ کردووە.

لەماوەی ٢٠ –٢٥ ساڵی رابردوودا باشوری خۆرهەلات گۆرانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە، جەنگێکی چر هەرێمەکەی سەروژور کرد، کوردەکان کە هیچ دەروازەیەکیان لەبەردەمدا نەما کەوتنە ناوەراستی شەرێکی گەورەوە، کچو کورەکانیان رویان کردە چیاکان، گوندەکانیان سوتێنراو خاپورکرا، ژنان بێ مێردو منداڵانیش بێ باوکو برا مانەوە، ژیانیان لەناو مەرگدا بەسەر دەبرد، بناغەی نەریتی عەشایەری هەلوەشا، هێزەکانی ئاسایش کوردەکانی بەسەر "لایەنگرانی دەولەتو دژە دەولەت"دا پۆلێن کرد. ئەم پۆلێن کردنە پەیوەندیەکانی ئەوانی لەگەڵ دەوڵەت دیاری کرد، ئەوانەی بەزۆر دەکرانە لایەنگری دەولەت لەلایەن (سەرۆك جاشەکان)ەوە رێکخران، لەم روانگەیەوە ئاغایەتی لەلایەن دەولەتەوە زیندوکرایەوە، سەرۆك جاشەکانو لایەنگرانی دەولەت لە ناوچەکە بوون بە ئاغای نوێ، ئەوانەی هاوکاری دەولەتیان نەدەکرد رووبەرووی کارەساتی گەورە کرانەوەو پەیوەندیە نەریتیەکان کەلێنی گەورەی تێکەوت، ئاغاکان دەسەلاتی سەرۆك خێڵەکانیان لەناوبرد.

ئێستا کورد بە وەرچەرخانێکی شۆرشگێرانەدا تێپەریوەو رێنەیسانسێکیان بەرپاکردووە، ژنان وەك گرنگترین کەسایەتی ئەم گۆرانە هاتنە گۆرەپانەکەوە، دەولەت بۆ کۆنترۆلکردنی ناوچە سەختەکان رێگاوبانو کارەبای بۆ گەیاندن، کوردەکان بە رێژەیەکی نائاسایی پەیوەندیەکانیان لەگەل جیهانی دەرەوە پەرەپێداوە، پرۆسەیەك بەرپابووە کە دەتوانین ناوی بنێین نوێبونەوەی کورد، دەتوانین بلێین گەشەی ئابوری ئەم چەند ساڵەی تورکیا رۆلی هەبووە لەم گۆرانو وەرچەرخانەی کورددا، هۆکارێکی گرنگی دیکە کاریگەری هەرێمی کوردستانی عێراق بووە، ئەو وەبەرهێنانو کرانەوەی گۆرەپانی کارو خوێندنی زانکۆ بەکوردیە، رەهەندێکی دیکەی گۆرانی کوردی تورکیا بووە، لەلایەکی دیکەوە پێویستە تێگەیشتنو لێکدانەوەی راست بۆ کێشەی ئاغاکانی کورد بکرێت، بەگەکانی کورد هەمیشە رۆلێکی رابەرایەتیان لە بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورددا هەبووە، بۆیە رووبەرووی گوشارو چەوسانەوەی گەورە بونەوە، لەدوای دروستبونی کۆماری تورکیاش ئەو پلانە بێشومارانەی بۆ بەزۆر نیشتەجێکردن دادەرێژران بەپلەی یەکەم بەگەکانی کوردیان کردبووە ئامانج، چونکە دەولەت ئەمانەی بە یەکێك لە هەرەشە سەرەکیەکانی کێشەی کورد دەزانی، ئەگەر لە رویەکەوە ئەو مەسەلە نەتەوەییە کێشەیەکی چینایەتیش بێت، بەلام لەبنەرەتدا کێشەیەکی چینایەتی نیە، نەتەوەیەکی چەوساوە بە ئاغاو بەگو بورژوازو زەحمەتکێشیەوە، بەژنو بە پیاویانەوە داواکانیان هاوبەشە کە دەتوانرێت لە شێوەی داوی ناسنامەدا کورت بکرێنەوە.

زمانو کلتورو مێژوو

داواکاریو نیگەرانی هاوبەش پلەیەکی ئەم کۆمەلگەیەن، هەم زەحمەتکێشو هەم ئاغای هەمان نەتەوە دەیەوێت زمانی خۆیان بپارێزنو بەزیندویی رایگرن، کێشەی کورد کێشەی ئاغایەتی نیە، کێشەی ناسنامەیە، مانەوەی ئەم ناوچەیە لە پەیوەندیە ئابوریە دواکەوتوەکاندا، بەجۆرێك لە جۆرەکان سیستمی ئاغایەتی پاراستوە، سەرمایەداریش بالی بەسەر ئەو ناوچانەدا کێشا کە کوردی لێدەژی، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە بنەرەتیەکانی سەرهەلدانی داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد، بنەمالە ناودارەکانی کورد وەك بەدرخانیەکانو جەمیل پاشاو ئەنساریئۆغلوو نەوەکانی شێخ سەعید (فورات) بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیا کرابونە ئامانجی مەنفاکردنو چەوسانەوەو ئەشکەنجەی قورس، هەندێك لەم بنەمالانە رۆلیان گێرا لە بەمۆدێرن کردنی کورد، ئەگەر لەدەرەوەی کلێشەکان تەماشای کورد بکەین، دەبینین کێشەی کورد زۆر دەمێکە لەوە دەرچووە کە کێشەیەکی ئاغایەتی بێت.

و. کامەران ئەحمەد حەمەد

# لەعێراق یەکدەگرێت و کورد لەت دەبێت

## کورد بۆ هەڵبژاردن ماڵی خۆی پەرت دەکات، بەڵام دەڵێن لە هۆڵی پەرلەمان یەك دەگرنەوە



کاپشن: لایەنە کوردستانییەکان بە چەند لیستێکی جیا بەشداریی هەڵبژدنەکانی عێراق دەکەن

فۆتۆ دەشتی ئەنوەر

پ.دەستور

کێبرکێی بەهێز هەیە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی دوور لە تایفەگەری و نەتەوەیی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، بەڵام لە کوردستان هاوپەیمانێتییە پتەوەکە لەت دەبێت.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان کە بڕیاروایە سەرەتای ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێت، لەچوارچێوەی خۆئامادەکردن بۆ ئەو هەڵبژاردنانە تائێستا سێ هاوپەیمانێتی بەهێز دروستبووە، چاوەڕواندەکرێت ژمارەیەکی دیکە هاوپەیمانێتی دروستبێت.

لەو بارەیەوە عومەر عەبدولستار کەربوولی ئەندامی لیستی نوێبوونەوە بەسەرۆکایەتی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، وتی" بەرنامەی لیستەکەیان بەدەستهێنانی دادپەروەری و ئاشتەوای و گەشەپێدان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەو دووره لە بنەماکانی تایفەگەری و ئاینی و حیزبی.

عەلی عەلاق ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی و سەرکردەی حزبی دەعوە، دەڵێت مەبەستمانە لیستەکەمان هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق لە خۆبگرێت، وتی "لیستەکەمان عەرەب و کوردو تورکمان و مەسیحی و شیعەو سوننەی تیادایە، دەرگا والایە بۆ هەر لایەنێك ئارەزووی ئەوەی هەیە بێتە ناو لیستەکەمانەوە، بێ ئەوەی هیچ ڕێگریەکی نەتەوەیی یان تایفەگەری یان حیزبی هەبێت لەبەردەم بەشداریکردنی لایەنەکان".

عەلاق دەڵێت ئامانجیان دروستکردنی دامودەزگای بەهێزە لە عێراق لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یاساو دەستوور، ئاماژە بەوەدەدات کە بەلایانەوە گرنگە بەرژەوەندی عێراق لەسەروو هەموو شتێکەوە بێت و هەماهەنگی تەواو هەبێت لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، بەمەبەستی پاراستنی سەروەری وڵات و بەهێزکردنی توانا ئەمنی و بەرگرییەکان، بەشێوەیەك ڕێگربێت لە دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ.

عەلاق وتی"لیستەکەمان دەیەوێت دەسەلاتی هەرێمەکان و ناوەند بەهێز بکات لەیەککاتدا".

ئەوەشی رەتکردەوە کە لیستەکەیان لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە ناوەند بەهێز بکات، لەسەر حسابی هەرێمەکان.

تروە حەمید رەشید معلا ئەندامی لیستی ئیئتلافی نیشتیمانی عێراق رایگەیاند لیستەکەیان پشتگیری لە سیستمی فیدرالی لە عێراق دەکات، چونکە سیستمی فیدرالی مافێکی رەوایە بۆ گەلی عێراق بەپێی دەستور سەرەرای ئەوەی هەندێك لایەن پێیانوایە کە پەلە کراوە لە جێبەجێکردنی ئەو سیستمە، وتی"ڕێزیش دەگرین لە دەسەلاتی هەرێمەکان کە بەپێی دەستور دەستنیشانکراوە"

هەرچەندە گفتوگۆکان بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی گەرمەو شەقامی سیاسی عێراق پڕ جموجۆلە، بەڵام لایەنی کوردی نیازی هاوپەیمانێتی نییە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، بگرە هاوپەیمانێتییە بەرفراوانەکەی کورد هەڵدەوەشێتەوە یان کەرت دەبێت.

مەحمود عوسمان دەڵێت"لایەنی کوردی پاش هەڵبژاردنەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکان تر دەبەستێت، بە مەرجێك ئەو لایەنە بەهێز بێت و دانبنێت بەسەرجەم مافە رەواکانی گەلی کورددا کە لە دەستور ئاماژەی پێکراوە، وەکو ماددەی ١٤٠ و نەوت و فیدرالیەت.

# هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق کێشەکانی کەرکوک ئاڵۆزتر دەکات

و. لە ئینگلیزیەوە: ئاراس حەمە جەزا



کاپشن: دوای شەش ساڵ کێشەی ئاوارەو هاوردەکان چارەسەر نەکراون
photo by Tech. Sgt. Maria J. Bare

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە چۆنێتی ڕێکەوتنێکی گشتی تایبەت بەشاری کەرکوک ڕووبەڕووی کێشەو گرفت دەبنەوە، کە ئاخۆ چۆن دەتوانن ناکۆکییەکان سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵات لەو شارەو بەر لەبەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکەی عێراقدا کۆتایی پێبهێنن.

تا ئێستا هیچ کام لە لایەنەکانی کوردو عەرەب و تورکمان ئامادەنین و لە رابردووشدا کەمترین ئاماژەیان بە دەستهەڵگرتن لەشاری کەرکوک نیشانداوە، وەك ئەوەی لە ململانێکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەمانگی کانوونی دووەمی رابردوودا بینرا.

بەر لە گەیشتن بەهەر ڕێکەوتنێکیش سەبارەت بە کێشەکانی شاری کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، عەرەب و تورکمانەکانی شاری کەرکوک کە لە ناوچەکەدا کەمینەن، هەرزوو بایکۆتی گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نوێنەرانیان کرد سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو شارەدا، ئەوەشیان خستەروو کە کوردەکان ئامادەنین گفتوگۆ یان ڕێکەوتن لەسەر هەر ڕێکەوتنێك بکەن کە زیان بەدەسەڵاتەکانیان لە ئەنجومەنی پارێزگای شارەکەو ژمارەی کورسییەکانی ئەو شارە لە ئەنجومەنی نوێنەران بگەیەنێت.

هاوکات عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوک لەهەوڵی ئەوەدان کە پرۆژەیاسایەك ئامادەبکەن یان لە پەرلەمانەوە دەربچێت کە گەرەنتی دابەشبوونی دەسەڵاتی سیاسی ئەو شارەیان لە نێوان کوردو عەرەب و تورکماندا بۆ بکات.

لەلای خۆشیەوە هادی ئەلعامری سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند کە نایانەوێت کەرکوك بکەنە بەربەستێك لەبەردەم بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

لەلایەکی ترەوە هەوڵەکان تا ئێستا سەبارەت بە رازیکردنی هەرسێ لایەنی کوردی عەرەبی و تورکمانی لە شاری کەرکوك سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵات لەو شارەدا شکستیهێناوە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە پێشبینی دەکرێت ناکۆکییەکان سەبارەت بە دۆخی ئەو شارە لەدوای هەڵبژاردنەکان ئاڵۆزی زیاتر بەخۆوەببینێت، کە ئەوەش بە تاقیکردنەوەیەك سەبارەت بە سەرکەوتنی سیاسەتەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران دادەنرێت.

خالید عەتیە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دوانادرێت و لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت بەو شێوەی کە بڕیاری لێدراوە، ئەوەش بە ئاماژەیەك دادەنرێت بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێك سەبارەت بە شاری کەرکوك لە چەند مانگی داهاتوودا دوای ناکۆکی و ململانێیەکی زۆر، یان کارکردن بە یاسای هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە پشت بە دابەشکردنی تەوافوقی دەسەڵات نابەستێت و زۆرینەی کورسیەکانی ئەو شارەش بە کوردەکان دەدات.

ڕێبوار تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك رایگەیاند کە پێویستە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیداو بەوشێوەیەی پلانی بۆ داڕێژراوە ئەنجام بدرێت، هەڵپەساردنی هەڵبژاردنی شاری کەرکوکیش تا ئەوکاتە دەتوانرێت ڕێکەوتنێکی هاوبەش دێتە ئاراوە سەبارەت بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە کەرکوك، بە کارێکی ئاسایی لەقەڵەمدا.

لەلایەکی ترەوە سیاسەتمەداران و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، شاری کەرکوك بە یەکێك لە هۆکارەکانی دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە عێراق ناودەبەن.

لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ عێراق لە مانگی ئەیلولی رابردوو، جۆزێف بایدن جێگری باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، رایگەیاند هێشتا لە عێراقدا یاسای وەبەرهێنانی بیانی نەوت دوورە لە ڕێکەوتنەوە.

لە ئێستادا بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کورد پێیوایە رێژەی ٥٢٪ی دانیشتووانی شارەکە پێکدەهێنێت، بەبەراورد لەگەڵ رێژەی ٣٥٪ی عەرەب و ڕێژەی نزیکەی ١٢٪ی تورکمانەکان و ژمارەیەکیش لە هاووڵاتیانی مەسیحی.

لەمانگی نیسانی رابردوودا لە راپۆرتێکدا نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژەی بەوەدا کە هەڵاواردنی کەرکوك پێدانی شێوازێکی تایبەت و دژوار بەو شارە گەڕاندەوە بۆ هەڵەی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەندییەوە.

# هەڵبژاردن لە کەرکوک دواناخرێت

## زۆرینەی لیستە عێراقییەکان دژی دواخستنی هەڵبژاردنن لەکەرکوک

پ.دەستور

هەرچەندە بەشێك لە لایەنە تورکمان و عەرەبەکانی کەرکوک داوا دەکەن هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کەرکوك دوابخرێت، بەڵام زۆرینەی لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەران سورن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەموو پارێزگاکانی وڵاتدا.

عالیە نسەیف جاسم ئەندامی لیستی عێراقیە رایگەیاند کە سەرجەم لایەنەکان ڕێککەوتوون لەسەر هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ و بەتایبەت ئەو برگانەی تایبەتن بە جۆری لیستەکان کە کراوە بێت یان داخراو، یەك بازنەیی بێت یان فرە بازنەیی و شێوازی هەژمارکردنی دەنگەکانو ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانو ئەو هەموارکردنانە بەرزکراونەتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تا دەنگی لەسەر بدرێت، وتیشی"تاکە کێشە کە هەتا ئێستا چارەسەرنەکراوە کێشەی کەرکوکە و ئێمە وەکو لیستی عێراقیە پێمانوایە دەبێت هەڵبژاردنەکان لە کەرکوك ئەنجامبدرێت لە هەمان کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بەمەرجێك دەبێت پێکهاتەکانی کەرکوك ڕێکبکەون لەسەر شێوازی هەڵبژاردنەکان لەو پارێزگایە، چونکە تەنها ئەوان دەتوانن ئەو کێشەیە چارەسەربکەن بەشێوەیەکی باشتر وەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران".

هەندێك لەلایەنەکان خوازیارن یاساکە هەمواربکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراقدا بگونجێت.

شێخ سەباح ساعیدی ئەندامی حزبی فەزیلەو سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەران رایگەیاند کە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان شتێکی پێویستەو دەبێت لەهەمانکاتیشدا یاسای پارتەکانیش پەسەندبکرێت، تاسەرچاوە داراییەکانی هەموو حزبەکان ئاشکرابکرێت.

دەربارەی کێشەی کەرکوك رایگەیاند کە دەبێت هەڵبژاردنەکان لە کەرکوك ئەنجامبدرێت لە هەمان کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی تری عێراق تا بۆشاییەك لەو پارێزگایە دروستنەبێت.

عەلی عەلاق سەرکردەی حزبی دەعوەو ئەندامی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو رایگەیاند کە هەموارکردنی ئەو یاسایە شتێکی پێویستە بەمەبەستی دروستکردنی متمانەو دلنیایی لای عێراقیەکان، "چونکە لیستی کراوەو فرە بازنەیی و زیادکردنی ژمارەی کورسییەکان لەپەرلەمان متمانە لای عێراقیەکان دروستدەکات".

دەربارەی کێشەی کەرکوك وتی"ئێمە پێمانوایە کە دەبێت لایەنەکانی کەرکوك ڕێکبکەون لەسەر میکانیزمێك بۆ هەڵبژاردنەکان لەو پارێزگایەو هیوا دەخوازین کە هەڵبژاردنەکان لە کەرکوك دوانەخرێت".

بەڵام عەرەبەکانی کەرکوك داوا دەکەن هەڵبژاردن لەکەرکوك نەکرێت، بەپاساوی ئەوەی کە هەلومەرجی شارەکە گونجاو نییە بۆ هەڵبژاردن.

لەبەرامبەردا محەمەد جبوری ئەندامی لیستی عەرەبی سەربەخۆ کە نوێنەرایەتی عەرەبی کەرکوك و موسڵ دەکەن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند"ئێمە داواکارین هەڵبژاردنەکان لەو پارێزگایە دوابخرێت، چونکە بارودۆخی ئەو پارێزگایە تایبەتە، نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی غێراق و یاسای بەڕێوەبردنی عێراقی کاتی ساڵی ٢٠٠٣ ئاماژەیان بە تایبەتی بارودۆخی ئەو پارێزگایە کردووە، کەئەوکات هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەنجامنەدرا لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

لایەنی کوردی داکۆکی سەرسەخت لەوە دەکات کە هەڵبژاردن لەکەرکوك دوانەخرێت، راشیانگەیاندووە ئەگەر هەر پرۆژەیەك لەوبارەیەوە پەسەندبکرێت ئەوا هەرێمی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردن ناکات.

مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە پێویستیزانی کە ئەو یاسایە هەموار بکرێت، چونکە بارودۆخی عێراق پێویستی بە هەموارکردنی ئەو یاسایە هەیە، وتی"پێویستە هەڵبژاردنەکان لەکەرکوك ئەنجامبدرێت لەهەمان کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکانی تری عێراق، ئەو





# مادۆنا پلیشانەوەی لەژێر شەمەندەفەردا لەشوکردن پێباشترە



ۆنا شاژنی پۆپ کە تەمەنی ٥١ ساڵە، لە نامەیەکی گفتوگۆدا لەگەڵ داڤیدلتەرماندا ئەوە دەکاتەوە کە بەنیاز بێت لەگەڵ هاوڕێ ٢٢ ەکەیدا جیسۆس لیز پێ بنێتە ژیانی سەرێتییەوە. وتی " پێم باشترە بیم ژێر شەمەندەفەرێکەوە تا ئەوەی ویکەم "

ەرەتای ئەم هەفتەیە گۆڤارێکی یتانی ئاماژەی بەوەدابوو کە مادۆنا نیازی شووکردنەو پرۆسەی شاییو ەدیەکەی بە خێرایی بەرێوە چێت.

# ۆژنامەیەک هونەرمەند نور ریف دەکات بە هۆمۆسێکسواڵ



پاش ئەوەی لەهەواڵێکی رۆژنامەیەکی میسریدا بەهۆمۆسێکسواڵ تاوانبارکرا، نور شریف هونەرمەندی گەورەی میسر لەدادگای قاهیرە داوایەکی لەدژی رۆژنامەی (البلاغ)ی میسری تۆمارکرد.

رۆژنامەی (البلاغ) لەیەکێك لەهەواڵەکانی دواهەمین ژمارەیدا هونەرمەند نور شریف–ی بەئەندامی باندێکی هۆمۆسێکسواڵی تاوانبار کردووەو نوسیویەتی لەیەکێك لەهۆتێلە بەناوبانگەکانی قاهیرەدا لەگەڵ ئەندامانی تری باندەکە سێکسی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن.

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر حاڵەتی دەروونی هونەرمەندی ناوبراو ستکردو لەنێو خێزانەکەیدا تووشی شەرمەزارییەکی گەورەی کرد.

سەبارەت بەهەواڵەکە نور شریف رایگەیاند" کاتێك لەدواهەمین ژمارەی گۆڤارەکەدا یەکی گەورەی خۆمم بینی وا هەستم دەکرد کەهەواڵێك سەبارەت بەکارە هونەرییەکانم وکراوەتەوە، بەڵام کاتێك ناونیشانەکەم بینی نووسرابوو (پۆلیس کۆمەڵێك ۆسێکسواڵ لەهۆتێلێکدا دەستگیردەکاتو یەکێکیان نور الشریف)ە".

ناوبراو وتیشی"ئەو هەواڵە خۆمو خێزانەکەمی تووشی شۆك کردووەو بۆ ئەو ەستەش لەدادگای قاهیرە داوایەکم لەسەر ئەو رۆژنامەیە تۆمارکردووە".

سەرچاوە: ئیلاف

# ٥١ نەشتەرگەری

خانمێکی بەریتانی بەمەبەستی ئەوەی رووخساری خۆی وەك شاژنی فیرعەون (نەفرت رێگەی ٥١ نەشتەرگەری جوانکارییەوە کەبڕی ٢٣٠ هەزار دۆلاری تێچووە هەمرو گۆری.

رۆژنامەی دەیلی مەیڵ–ی بەریتانی لەهەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە (نیلین نیمیتا) نزیکەی ٢٠ ساڵە خۆی بە ئەنجامدانی ٥١ نەشتەرگەری جوانکارییەوە سەرقاڵکردووە رووخساری بچێتەوە سەر نەفرتیتی شاژنی فیرعەون.

رۆژنامەکە نووسیویەتی ئەو خانمە ٨ نەشتەرگەری بۆ لوتیو ٥ بۆ چاوی و بەرزکردنە نەشتەرگەریش بۆ راکێشانی پێستی دەم و چاوی و ٦ دانەش بۆ کولمەکانی و ٢ بۆ نەشتەرگەری تریش بۆ رواندنی تووك و چەند نەشتەرگەرییەکیش بۆ بەش و ئەندامە ئەنجامداوە.

ناوبراو کە ژنە هونەرمەندێکی دانیشتوی شاری بریگتۆنەو حاڵەتی دەروونی جۆرە بەدیدەکرێت، بە رۆژنامەکەی راگەیاندووە کە لە منداڵیدا بەشێوەیەکی بەردەوام خەوی بینیوەو ئەویش پێیوتوە تۆ لە من دەچیت و بە کچی خۆم قبوڵت دەکەم.

سەرچاوە: مەلەف پرێس

# دوژمنی دیکتاتۆرەکانی ئەمریکای لاتین مرد



ژنە گۆرانی بێژی بە ناوبانگی ئەرژەنتینی– مارسیدیس سۆسار لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. سۆسا بەوە بەناوبانگ بوو کە بەدەنگە گەرمو ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی رووبەرووی دیکتاتۆریەتو عەسکەرتاریەتەکانی ئەرژەنتیو ئەمریکای لاتینی رادەوەستاو دەچووەوە بەگژیاندا.

مارسیدس کە خۆی بە سیاسی نەدەزانی، بەڵام وەك شەستەکانو حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ریتمو ئاوازی فۆلکلۆری بە شێوەی بارگاوی بە سیاسەتەوە دەگووت، لە گۆرانی "دەڵێم" دا کە یەکێکە لەگۆرانیە بەناوبانگەکانی هاتووە هەزاران جار کوژراوم و ونکراوم هێشتا لێرەم لە مردن گەڕاومەتەوە، هێشتا لێرەم لە وێرانەیە هەستاومەتەوە کە دیکتاتۆرەکان بەجێیان هێشتووە هێشتا گۆرانی دەڵێم.

# کچان گۆشەگیرترن

## فشارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر کچان بەرەو گۆشەگیری دەبات

ئازاد جەلال لەسلێمانی

لەسووچێکی گۆرەپانی زانکۆ، هەموو رۆژێك لەژێر دارێك، کە بەرووی دەرەوەی زانکۆدا دەروانێت بەتەنیا دادەنیشێت، وەکو خۆی باسی ئەکات هاورێیەکی نییەو هەمیشە دوور لەگرووپەکەیەتیو بەشداریی هیچ ئاهەنگو سەیرانو تەنانەت گەشتە زانستییەکانیش ناکات.

بەو بارودۆخە تەنیاییەی بەزەحمەت قسەی بۆ کردین، تەنها مەرجیشی ئەوەبوو کە ناوی راستەقینەی خۆی نەنووسرێت.

ئەو بە سروە خۆی ناساندو وتی"کاتێك منداڵ بووم دایکم بۆ ئەوەی منداڵێکی باشو عاقڵ دەرچم نەیدەهێشت تێکەڵی منداڵانی تر ببمو بەردەوام لەماڵەوە بووم، بۆیە هەتا ئەم تەمەنە نە لەخوێندنگاو نە لەماڵەوە هاورێم نییەو تەنها دایکم هاورێم بوو".

هەروەها وتی"دایکیشم بەهۆی نەخۆشییەوە 2 ساڵە گیانی سپاردووە، بۆیە لەدوای ئەوەوە ئەوەندەی تر گۆشەگیر بوومو هەستدەکەم ئێستا نەخۆشم، چونکە بەردەوام بەتەنهامو هەندێك جار وەکو شێت مامەڵە دەکەم".

سروە وەك خۆی باسیدەکات حەزی لەتێکەڵاوبوونی خەڵکە، بەڵام دەڵێت"تازە بەوە ناسراوم، کەگۆشەگیرم".

بەهۆی ئەو فشارە کۆمەڵایەتیو دەروونیانەی رووبەرووی کچان دەبێتەوە، شارەزایانی بواری دەروونیو کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوەدەکەن کچان زیاتر تووشی گۆشەگیری دەبن.

گۆشەگیریی بریتییە لەپەراوێزبوونی کەسێك لەگەڵ کەسانی تر کە لەگەڵی ئەژین، بە وتەی شارەزایانی بواری دەروونی لەرووی کەسێتییەوە، کەسی گۆشەگیر بەلاوازو نەخۆش دادەنرێت.

بەوتەی شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی لەکۆمەڵی کوریدا بەهۆی ئەو فشارە کۆمەڵایەتییەی کە لەسەر کچان هەیە، زیاتر تووشی گۆشەگیریی دەبن. توێژەرەوە دەروونییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن ئەو کەسانەی بەشێوازی توند مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، دووچاری گۆشەگیریی دەبن.

سۆزان کە ناوێکی خوازراوەو تەمەنی 32 ساڵە هێمای بۆ ئەوەکرد گۆشەگیریو تەنیایی ژیانی ئەو مێژووەکەی ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی، سۆزان وتی"گۆشەگیریی وایلێکردووم تەنانەت نەتوانم لای میوانیش دانیشم هەمیشە تەنیام".

بەشێکی تر لەکچان بەهۆی هێشتنەوەی نهێنی لەناخیاندا بەردەوام هەست بە تەنیاییو گۆشەگیری دەکەن. ئەوان پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە ناتوانن ئەو هەستەی لە ناخیاندایە دەرییبڕن، چونکە وەك خۆیان دەڵێن خێزانو کۆمەڵگە سزامان دەدات.

هاوژینی تەمەن (27) ساڵ پیشەی مامۆستایە باس لەوە دەکات کە لەخۆشەویستەکەی دابڕاوە، بەوهۆیەوە هاوژین دەڵێت"بەردەوام گۆشەگیرم و تەنیام و تەنانەت حەز بەقسەکردنیش ناکەم، کە جاران وا نەبووم و حەزم لە گاڵتەو قسەی خۆش هەبوو".

شارەزایانی بواری دەروونیش باس لەوە دەکەن کە ئەوانەی گۆشەگیرن کەسێتییەکی لاوازو بێهێزیان دەبێت، ئەگەری توشبوون بەنەخۆشی خەمۆکییان هەیە.

د. جەمال عومەر پسپۆڕی کێشە دەروونییەکان وتی"کەسێك بۆ ماوەی سی هەفتە هەستی بەبارگرانی کرد، گۆشەگیر بوو، رەشبین بوو، بیرکردنەوەی ناپەسەندی هەبوو، گرنگی بەخۆی نەدەدا، دەگونجێ بەو کەسە بڵێین کەسێکی خەمۆك".

توێژەرە دەروونییەکانیش هەمان بۆچوونی ئەو پسپۆڕە دەروونییەیان هەیە.

سەردار جەلال کەتوێژەری دەروونییە پێیوایە ئەو کەسانەی کە بەشێوازی توند مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێتو داپاندەبڕن لەهاورێکانیانو کۆمەڵ زۆریان گۆشەگیر دەردەچن.

بەرای سەردار کۆمەڵێك هۆکار هەیە بۆ تووشبوون بەگۆشەگیریی، ئەوانیش بریتییە لەدابین نەکردنی پێداویستیەکانی منداڵ و کوشتنی حەزەکانی و گوێ لێنەگرتنی کە وایلێدەکات کەسێکی گۆشەگیر بێت. ئەو کە لەخوێندنگەیەکی ناو شاری سلێمانیدا کاری توێژینەوە دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پەیوەندیی خێزانیی کاریگەریی زۆری دەبێت، بۆ ئەوەش نموونەی شەڕی دایك و باوك و جیابوونەوەی ژنو مێردی هێنایەوەو وتی"خوێندکارمان هەیە، لەرووی پێکهاتەی عەقڵییەوە توانای ئەوەی نییە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دەوروبەریو خوشكو براو هاورێکانیدا".

هەندێك لەو کەسانەی کە تووشی گۆشەگیریی بوون بەپاساوی پابەندبوون بەئاینەوە تێکەڵاوی خەڵك ناکەنو بۆ ماوەیەك دوور لەکۆمەڵگە ژیان بەسەردەبەن، مامۆستایانی ئایینیش ئەو بارودۆخە رەتدەکەنەوە.

مامۆستا مەجید ساڵح پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی مەشخەڵان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەمیشە پێغەمبەر(ص) بانگەوازی بۆ کۆمەڵگا ئەکرد کە گۆشەگیر نەبنو دەڵێت"ئەو کەسەی دەیەوێت بچێتە بەهەشت با گۆشەگیر نەبێت و تێکەڵی موسڵمانان بێتو بەچەندین فەرموودە ئەوەی خستووەتەروو کەخەڵك تێکەڵی کۆمەڵگا بێت".

مامۆستا مەجید باس لەوەش دەکات کە ئیسلام عیبادەتی (بەشێوازی بەکۆمەڵ) داناوە کەخێری زۆرترە وەك لەوەی بەتەنیا بیکەیت، وەکو نوێژی جەماعەت کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ تێکەڵاوبوونو دروست نەبونی گۆشەگیریو خۆلادان لێی.

دەربارەی چارەسەر بۆ ئەو بارە دەروونییە سەردار وتی"هەندێك حاڵەتی گۆشەگیریی بارێکی دەروونیو کاتییە، دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام کاتێك خەمۆکی یان سەدمە ئەچێتە مێشکیەوە ئەوەیان قورسەو نەخۆشییەو پێویستی بە دکتۆرو توێژەرو گۆرینی شوێنە تاوەکو چارەسەر بکرێت".



ئەوانەی گۆشەگیرن ئەگەری توشبوون بەنەخۆشی خەمۆکییان هەیە

# دوور لەچاوی خێزانەکان، کچانو کوران روو لەتاتۆ دەکەن

## خوازیارانی تاتۆ لەکوردستان تادێت زیاتر دەبێتو کۆمەڵگەو پیاوانی ئاینیش رێگەی پێنادەن

ئەبوبەکر ساڵح لەهەولێر

کچانو کوران بەتاتۆ شوێنە هەستیارەکانیان دادەپۆشن، ئەوان کە رۆژانە ئاگاداری ئەو کەسانەن کە تاتۆ دەکەن، دەڵێن رۆژانە خوازیارانی تاتۆ زیاتر دەبێتو شوێنە هەستیارەکانیشیان بەتاتۆی رەنگاورەنگ دەنەخشێنن.

لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا، کچانو کورانی کوردستان لەژێر کاریگەریو چاولێکەری لاوانی بیانی، بەشێکی جەستەو شوێنە هەستیارەکانیان بە تاتۆ رەنگاورەنگ دەکەنو دەنەخشێنن، ئەوانەشی کاری تاتۆ دەکەن لەبەرامبەر تاتۆکاندا برە پارەیەکی باش لەگەنجەکان دەسێنن.

### بەدزییەوە تاتۆ دەکەن

بەشێك لەگەنجانی شاری هەولێر، لەترسی خێزانەکانیان بەتایبەت باوكو دایکیانو لەبەر توانجو قسەی کۆمەڵگە بەدزییەوە تاتۆ دەکەن، نەوەك بەکارەکانیان بزانن.

هێمن کە تەمەنی (23) ساڵەو دانیشتووی گەرەکی کورانی شاری هەولێرە، دوای ئەوەی هاورێیەکی سەردەمی منداڵی چەند ساڵێك لەئەوروپا دەبێتو دواتر دەگەرێتەوە، دەبینێت بەشێکی جەستەی کردووە بەتاتۆ، بۆیە ئەو تاتۆیانە وا لەهێمن دەکەن ئەویش تاتۆ لەسەر دەستی راستی بنەخشێنێتو بەمۆدیلێکی جوانیشی دەزانێت.

"دایکمو خوشکەکانم زانیویانە، بەڵام تائێستا نەمهێشتووە باوکم پێی بزانێت"، هێمن وتی"چونکە کاتێك ئەو گەنجانە لەتەلەفزیۆنە بیانییەکانەوە پیشاندەدا کە تاتۆیان لەسەر جەستەیان کردووە، باوکم کەناڵەکە دەگۆریو بەو گەنجانە نارەحەت دەبوو".

هێمن بۆ ئەو تاتۆیەی چووەتە شاری دهۆكو (75) دۆلاریان لێسەندووە، کە تاتۆکە وێنەی پەپولەیەکە لەسەر دەستی راستی.

شالاو عەلی دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵی هەیە، بەهۆی ئەوەی چەندجارێك بۆ هێنانی کەلوپەل سەردانی شاری دوبەیو تورکیای کردووە، جوانیو نەخشی تاتۆکان کاریگەریی لەسەر دروستدەکاتو ئەویش بریاردەدات تاتۆ بکات.

هەروەها شالاو وتی"بەدروستکردنی ئەژدیهایەکی بچووکی رەنگاو رەنگ لەسەر قۆلم (700) دۆلارم داوە".

بەشێك لەکچانو کوران شوێنە هەستیارەکانیان بەتاتۆ دادەپۆشن، وەك سنگو پشتیان، بەبێ ئەوەی گوێ بەتوانجو قسەی کۆمەڵگە بدەن.

هەرچەندە خەڵك بەتایبەت خزمانی شالاو، تانەو تەشەری زۆری لێدەدەنو هەندێکیان بەلۆتی ناوی دەبەن، بەڵام ئەو شانازی بەوەوە دەکات کاتێك لەژێر تیشێرتێکی تەنکی قۆڵ کورتەوە خەڵك تاتۆکەی دەبینن.

ترس لەخێزانو دابونەریت نەیتوانیوە حەزی تاتۆ لای گەنجان دابمرکێنێت، خوازیارانی تاتۆ دەڵێن خێزانو دابونەرێت ناتوانێت رێگریی لەحەزەکانمان بکات.

رامان کەکورێکی تازەپێگەیشتووەو خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی ئامادەییە، وتی"لەساتی منداڵیمدا هەمیشە ئەو بنێشتانەم دەکری کە لای خۆمان پێماندەوت تەبع، چونکە دەمانتوانی وێنەکان بدەین لەسەر جەستەمان، بەڵام لەترسی دایكو باوکم ناوێرم تاتۆ بکەم".

کچانیش هاوشانی کوران تاتۆ بووەتە حەزو ئارەزوویان، بەڵام ئەوان خێزان زیاتر رێگریی لەحەزەکانیان دەکەن، بەوەی بۆ کچان لەکۆمەڵگەی کوردیدا تاتۆ قبولکردنی زەحمەتە.

(س) کچێکی گەنجی شاری هەولێرە لەبەر کۆمەڵگە پێی باشنەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی"منو چەندین کچی هاورێم حەز لەتاتۆ لەسەر جەستەمان دەکەین، بەڵام هەم نرخی زۆر گرانە، هەم لەماڵەوە بەتایبەت باوکمو براگەورەکەم نەك هەر قبولی ناکەن، بەڵکو رەنگە زیندەبەچاڵیشمان بکەن، بەڵام ئێمە دەستبەرداری ئارەزووەکانمان نابین".

### دەروونناسان دەڵێن رەنگە تاتۆ ببێتە کێشەیەکی دەروونی

شارەزایانی بواری دەروونیو توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە کە تاتۆ لەرووی دەروونییەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لەناخی زۆرینەی مرۆڤدا هەیە، بۆیە بەلای ئەوانەوە دورنییە لەئەنجامدا ببێتە کێشەیەکی دەروونی.

ئازاد ئەحمەد شارەزا لەبواری دەروونناسی وتی"هەموو گەنجێك لەباری سایکۆلۆژییەوە حەز بەخۆدەرخستنو خۆپیشاندان دەکات، بۆیە پەنا دەباتەبەر تاتۆ، تا لەکاتی رۆیشتنی بۆ شوێنێك یاخود پیاسەکردنێکدا، سەرنجی دەوروبەر بۆ خۆی رابکێشێت".

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کەزۆربەی ئەو هەرزەکارو گەنجانەی تاتۆ دەکەن، لەبەرئەوەی رێگایەکی شیاوی تەندروست نییە بۆ ئەو ئامانجەی کەهەیانە ئەویش بریتییە لەخۆجوانکردنو سەرنجراکێشان، بۆیە دوای تێپەربوونی تەمەنی گەنجێتیان، زۆربەیان پەشیمان دەبنەوەو وتی"ئەوەش رەنگە ببێتە کێشەیەکی تری دەروونی".

روناك عومەر کۆمەڵناسو توێژەری کۆمەڵایەتی وتی"کاتێك مرۆڤ لەقۆناغی منداڵی تێدەپەڕێت، حەز بەخولیای خۆدەرخستن دەکات یان کارێك بکات کەجیاوازبێ لەئەوانی تر، بەڵام لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا دەبینی ئەو گەنجانە لەو چەشنە دیاردانە دوور دەکەونەوە. ئەگەر بەراورد بکەین، دەبینرێ کەزۆرینەی گەنجان حەز لەتاتۆ دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی کەوتوونەتە تەمەنەوە، نەك هەر حەزی لێناکەن، بەڵکو بەکارێکی بەدەر لەدابونەریتی کوردەواریشی دەزانن".

### تاتۆ لەهەندێك کەسدا نەخۆشی ئایدز پەیدا دەکات

پسپۆرانی بواری تەندروستی ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەندێك لەو کەسانەی تاتۆ دەکەن، تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن، هەندێك لەنەخۆشییەکانیش لەپێستەوە سەرهەڵدەدەن.

د. ئومێد عەلی پسپۆر لەنەخۆشییەکانی پێست، سەبارەت بەو کاریگەرییە خراپانەی کە تاتۆ لەسەر تەندروستی مرۆڤ دروستیدەکەن وتی"تاتۆ بەهۆی ئەو کەلوپەلانەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێت، سەرەتا پێستی جەستەکە رووبەرووی ئازارو چروك بوون دەبێتەوە، چونکە هەندێکجار خوێنێکی زۆریش لەکەسەکە دەرواتو برینی تاتۆش هەروا بەسانایی چاك نابێتەوە".

د.ئومێد ئاماژەی بەو نەخۆشییانە کرد کە بەهۆی تاتۆوە دروستدەبنو وتی"دیارترین ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی تاتۆوە دروست دەبن، بریتییە لەهیپاتیس (B)و هیپاتیس (C)و ئایدز کەبریتین لەڤایرۆسێکی مەترسیدارو دێنە ناو جەستەی مرۆڤەوە".

### پیاوانی ئاینی: تاتۆ جائیز نییە

مامۆستا عەبدولکەریم کە بەکالۆریۆسی لەزانستە شەرعییەکاندا لەزانکۆی بەغداد بەدەستهێناوە، لەبارەی تاتۆوە وتی"لەدیدی ئیسلامەوە هەر کارێك لەپێناو تێکدانی شێوازی جەستەو لەشی مرۆڤدا بێ، ئەوا کارێکی جائیز نییە بەتایبەت بۆ ئافرەتانو گەنجان".

ئەو پێیوایە لەبەرئەوەی ئەو کلتورە زیاتر لەناو مرۆڤە سەرەتاییەکانی چاخی بەردیندا باو بووە، بۆیە رەنگە شیاو نەبێ بۆ مرۆڤێکی سەردەمی مۆدێرن پەنابباتەوە بەر ئەو کلتورە دێرینە کە "نەك هەر قازانجی نییە، بەڵکو باری سروشتی جەستەی مرۆڤ دەشێوێنێتو زیانی تەندروستیشی لێدەکەوێتەوە".

# سەرۆكی باندە لەشفرۆشەكان كەفالەت بۆ لەشفرۆشەكان دەكات

## ئەرخەوان چیرۆكی ناو باندێكی لەشفرۆشی دەگێڕێتەوە


بۆ خۆشەویستی ڕۆیست، بەڵام بووە لەشفرۆش

فۆتۆ: فەرهاد قادر

فەرهاد قادر لەسلێمانی

دوای ئـەوەی تەنها خۆیو باوكـیو براكـەی لەخێزانێكدا مانەوە، بەرلەوەی ساڵێك بەسەر كۆچی دوایی دایكیدا تێپەڕببێت، ئـەرخـەوانـی تـەمـەن ١٦ســاڵ دەچێتە ژیانی هاوسەرگیرییەوە لـەگـەڵ كـوڕێـكدا كەتەمەنی نزیكەی ٣٠ساڵ دەبوو.

دوای مانگێك لەهاوسەرگیری، ئەرخەوان كوڕێكی تر دەناسێتو لـێرەوە چیرۆكی تێكەڵ بوونی ئەرخەوان بەباندە لەشفرۆشەكان دەست پێدەكات.

ئـەرخـەوان ئێستا تەمەنی ٢٢ ســاڵــەو بـەهـۆی كـاری لەشفرۆشیەوە چەندین جار راپێچی زیندان كراوە، بەڵام هەر زوو لەلایەن سەرۆك باندەكانەوە كـەفـالـەتـی بـۆ دەكـرێـتو ئازاددەكرێت.

لـەگـەڵ ئـەوەی ئـەرخـەوان چـاوەڕوانـی یەكێك لـەگـەورە سەرۆك باندەكانی لەشفرۆشتنی دەكـرد تا لـەدەرەوەی زیندان كـارە یاساییەكانی بۆ تـەواو بـكـاتو دواتـر ئـازادی بكات، ئـامـادەیـی دەربـڕی چیرۆكی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.

ئـەرخـەوان بـاسـی ژیـانـی خۆی بەمشێوەیە گێڕایەوە، كە لەخێزانێكی ئاست مامناوەند لـەیـەكـێـك لـەشـارۆچـكـەكـانـی كوردستان هاتووەتە دنیاوە، لەتەمەنی شانزە ساڵیدا بوو كە دایكی كۆچی دوایـی كرد، ئـەوكـات تەنها "مـنو باوكمو برایەكم لەسەر مـاڵ مابووینو بـراو خوشكەكانی تـرم ژیانی هـاوسـەریـیـان پـێكهێنابوو، لـەدەسـتـدانـی دایـكـم هـەمـوو شتەكانی لەژیانی مندا گۆڕی". ئەرخەوان وای وت.

ئـەرخـەوان دوای كەمتر لەساڵێك پـاش مردنی دایكی كـوڕێـكـی خـزمـی خـۆیـان داوایدەكات، بەڵام ئەو نەیدەزانی چـۆن بـڕیـار بـدات، بـەڵام بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی كەتیایدا دەژیا رازیدەبێت شووی پێبكات، هـەرچـەنـدە لەتەمەندا منداڵ بووەو كوڕەكەش لەتەمەندا نزیك بە (٣٠) ساڵ دەبوو.

### تێكەڵبوون بەباندە لەشفرۆشەكان

ئـەرخـەوان وتـی"پـاش تێپەڕبوونی مانگێك لەژیانی هـاوسـەریـم، ڕۆژێـك لـەگـەڵ هـاوسـەرەكـەم هاتینە شار بۆ كڕینی پێداویستی ماڵەوە لەنێو بازاڕ كوڕێك زۆر سەیری دەكردمو چەند جارێك هەوڵی قسەكردنی دا لـەگـەڵم تـا دواتـر ژمـارەی مۆبایلەكەی لەكاغەزێكدا پێدامو منیش لـەتـرسـدا وەرمـگـرتو خستمە جانتاكەم تامێردەكەم نەزانێت، پاش دوو ڕۆژ بڕیارمدا تـەلـەفـۆنـی بـۆ بـكـەم، كـەس لەماڵەوە نەبوو منیش بێ هیچ بیركردنەوەیەك تەلەفۆنم بۆ ئەو كوڕە كرد".

### ئەرخەوان و ئاری یەكتر دەبینن

زیاتر لەهەفتەیەك ئەرخەوان بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ ئاری دەكـات، تـا دواجـار (ئـاری) داوادەكــات یـەكـتـر ببینینو وتی"من نەمدەزانی چۆن ببینم، بـەڵام ئـەو خـێرا ڕێـگـای داناو پێیوتم هەر كاتێك مێردەكەت لەماڵ دەرچوو بۆ كاركردن من دێمە ماڵەوە".

پلانەكەی ئاری وەك ئەرخەوان دەڵێت جێگای مەترسی نەبووە، "چوون هاوسەرەكەم بەیانیان زوو دەڕۆیـشـتـە دەرەوە بۆ كاری نانەواییو منیش بەتەنها دەژیـام، ئـەوەبـوو ڕۆژێكمان داناو بەیانی زوو ئاری چاودێریی هاوسەرەكەمی دەكرد تاڕۆیشت بۆ كـارەكـەیو ئـەویش هاتە ماڵەوە".

هەروەها وتی"ئەو هەستێكی خـۆشـەویـسـتـی زۆری پـێـدام تاگەیشتینە ئـەوەی وەك دوو هـاوسـەر رەفـتـارمـان دەكـردو هەموو خۆشەویستیو جەستەی خۆمم پێبەخشیو ئـەم كـارە چەندین جار دووبارە بووەوە، تـادواجـار داوایـكـرد لەگەڵی هەڵبێمو پێكەوە بژین".

### ئەرخەوان هاوسەرەكەی بەجێدەهێڵێت

ئـەرخـەوان دەڵـێـت"دوای ئـەوەی ئـاری هاتە ژیـانـمـەوە هـەڵـسـوكـەوتم گــۆڕا لـەگـەڵ هـاوسـەرەكـەمو هـەر ڕۆژەی بـەبـیـانـوویـەك شـەڕم دەكـرد لەگەڵی، تـادواجـار بۆ ئـەوەی مەرامەكەی ئاری جێبەجێبكەم، شەڕم لەگەڵ هاوسەرەكەم كردو لەماڵ چوومە دەرەوەو چوومە ماڵی خزمێكمانو ئـەو شەوە لەوێ مامەوە".

بۆ ڕۆژی دواتر بەیانییەكەی زوو ئـەرخـەوان لـەمـاڵـی ئەو خـزمـەیـان دەچـێـتـە دەرەوە بەناوی ئەوەی دەچێتەوە ماڵی باوكی.

ئـەرخـەوان وتـی"ئـاری چاوەڕوانی دەكردم منیش كاتێك (ئاری)م بینی لەئۆتۆمبێلەكەیدا دوو كـوڕی تـری لەگەڵدابوو، سەرەتا لام غەریب بوو، بەڵام هیچم نـەوتو بـەڕێـكـەوتـین بـۆ شـارو كـاتـێـك گەیشتینە شـار ئـاری بردینیە شوێنێكی چۆڵەوانی نزیك شاخێك بوو، لــەوێ ئــاری داوایـلـێـكـردم بۆ ئەوەی شوێنمان دەست بكەوێو بـتـوانـین پـێـكـەوەبـین لەگەڵ هاوڕێكانی رابوێرمو داواكانیان جێبەجێبكەم، نازانم من هیچ بیرم نەدەكردەوە لەبەر خاتری ئاری رازیبووم، ئەوە بووە سەرەتای كاری لەشفرۆشیم".

ئەرخەوان ئاماژەی بـەوەدا كـە ئـاری لـەگـەڵ یەكێك لەو هاوڕێیانەی كە ناوی (ئاكۆ)بوو بەئۆتۆمبێلی نەقلیات ناردوویەتی بۆ شارۆچكەیەك لەنزیك رانیەو لەوێ چوونەتە ماڵێك.

ئـەو وتـی"ماڵەكە سەرەتا كوڕێكی لێبوو، دوای ئـەوەی جارێكی تر ئاكۆو ئەو كوڕەش لەگەڵمدا خـەوتـن، شەوەكەی دوو پـیـاوی تـریـش هـاتـنو ئەوانیش تادرەنگانێك مانەوەو چەند جارێك كـاری سێكسیان لەگەڵمدا كرد، دوای تەواوبونیان، ئاكۆ"پارەی لێوەردەگرتن".

### بەئۆتۆمبێلی جام تاریك دێن بەدوایدا

ئـەرخـەوان لـەدرێـژەی قسەكانیدا وتی"ئەو پیاوانەی بـەهـۆی نـاوداریـانـەوە یان پۆستەكانیانەوە نەدەهاتنە ئەو ماڵە، چەندین جار بە ئۆتۆمبێلی جام تاریك دەهاتن بەدوامدا".

### ئەرخەوان و ئارەزووو بەیدا

ئـەرخـەوان لەگێرانەوەكەی بەردەوامدەبێتو وتی"جارێكی تـر ئـاكـۆ مـنـی گـەڕانـدەوە بۆ شارو لەوێ چووینە ماڵێك ژنو مـێردێـك بـوون، كەئەم شوێنە یـەكـێـك بـوو لـەو شوێنانەی باندەكانی لەشفرۆشتن بەكاریان دەهـێـنـا بـۆ بەدەستكەوتنی پارە، لەگەڵ (ئـارەزوو) كە ژنی خاوەن ماڵەكە بوو ڕۆژانە زیاتر لەبیست موشتەریمان بەڕێدەكرد كە بەداخەوە بەشێكی زۆریان پیاوانی بەتەمەن بـوونو پاش هەفتەیەك كچێكی عەرەبیان هێنا كەماوەی چەند ساڵێك بوو ئـەو كـارەی دەكـردو لەیەكێك لەباندەكانی لەشفرۆشتنیان كـڕیـبـوو لـەشـارێـكـی تـر، ئەو كچە نـاوی (بەیدا) بوو ماوەی هەفتەیەك ئـەویـش لەگەڵمان بوو".

### ئەرخەوان دەستگیردەكرێت

ئـەرخـەوان بۆ جارێكی تر دەگـوازرێـتـەوە بۆ ماڵێكی تر، كـەدەبـوو ئـەو شـەوە لـەو ماڵە بمێنێتەوە، ئەو وتی"ئەو شەوە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، چونكە تێیدا دەستگیركرام. شەو منو كچێكی تر لـەو ماڵەبووین كە سێ پیاوی لێبوو لەنیوەشەودا هـێـزەكـانـی ئـاسـایـش هاتنە ماڵەكەو دەستگیریان كردین".

ئەرخەوان ئاماژەی بۆ ئەوە كـرد، مـاوەی مـانـەوەكـەیـان لەزیندان تەنها دە ڕۆژێك بووەو دواتـر بـانـدە لەشفرۆشەكان بەهۆی ئەوەی كاریان پێیانبوو، زوو كەفالەتیان بۆ كردووەو بەو هۆیەوە ئازادكراون.

» ١٥

# كچان باجی خۆشەویستی دەدەن

## "كۆمەڵگای كوردی سزای كۆمەڵایەتی ئەو كەسانە دەدات كە خۆشەویستی دەكەن"

فەرمان خێلانی لەگەرمیان

كچان نـاتـوانـن بەئاشكرا خـۆشـەویـسـتـی بـۆ كـوڕە خۆشەویستەكانیان دەربـبڕن، ئەوانیش خـێـزانو دابونەریتی كۆمەڵگا بەهۆكاری ئەم كێشەیە دادەنێن.

كـچـانـی دەربـەنـدیـخـان دەروازەیـەكـیـان نییە بۆ مـومـارەسـەی خۆشەویستیو گلەیی لـەكـلـتـوری كۆمەڵگاو ئەندامانی خێزانەكانیان دەكەنو پێیان وایە بچووكی شارەكەیانو قسەی خەڵكی هۆكاری سەرەكین لەدروستكردنی ئەم كێشەیەداو ئـامـاژەش بەچەندین حاڵەتی ناتەندروست دەكەن كەتووشیان هاتووە.

دێرین یەكێكە لەو كچانەی كـەكـێـشـەی هـەیـەو ئـامـاژە بـەوە دەكـات ناتوانن تەنانەت بـەمـۆبـایـلـیـش قـسـە لـەگـەڵ خۆشەویستەكانیاندا بكەن، وەك خۆی دەڵێت"لەبەرئەوەی ئەندامانی خێزانەكانمان چاودێریی وردمان دەكەن".

دێـریـن بەدەنگێكی بەرزتر لەقسەكانی پێشووی بۆ نیشاندانی توڕەیی خۆی لەو جیاوازییەی كە لـەگـەڵ بـراكـانـیـدا دەكـرێـت، وتی"لەم كۆمەڵگایەدا كوڕ هەرچی بكات ئاساییە، بەڵام بۆ ئێمەی كچان هەموو شت بقەیە".

هەروەها وتی"من زۆر توڕەم لـەبـراكـانـم لـەبـەرئـەوەی زۆر بەشانازییەوە باس لەچیرۆكی خۆشەویستی خۆیان دەكـەن، بەڵام ڕێگە بەمن نادەن تەنانەت بـەمـۆبـایـلـیـش قـسـە لـەگـەڵ خۆشەویستەكەم بكەم".

دێرین لەگەڵ ئەو تووڕەییەشدا هێشتا كارەساتی كچە هاوڕێكەی لـەبـیـرنـەچـووەتـەوە كـەدوای ئـەوەی بـراكـانـی پـێـیـانـزانـی خۆشەویستی لـەگـەڵ كوڕێكدا دەكات "سەرشێتانە خوشكەكەی خۆیانیان كوشت".

لـەگـەڵ ئـەوەی حكومەتی هـەرێـمـی كـوردسـتـان چـەنـد ڕێوشوێنێكی گـرتـووەتـەر بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژی بەرامبەر رەگـەزی مێینە، بـەڵام تاوەكو ئێستا ڕۆژانـە چەندین ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

بەپێی ئـامـارەكـانـی بانكی زانیاریی مافی مرۆڤ لەكوردستان لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا ١٣٢٥ ژن ڕووبەڕووی پێشێلكاریو تـونـدوتـیـژی بـوونـەتـەوەو لەو ڕێـژەیـەش ٣٨١ حـاڵـەتـیـان لـێـدانو ئـەشـكـەنجەدانو ٢٨١ حاڵەتیان هەڕەشەلێكردنو ١٢٥ حاڵەتیشیان خۆسووتاندنە.

دێرین نائومێدی خۆی بەرامبەر بەو یاساو ڕێوشوێنانە دەربڕی كەتاوەكو ئێستا گیراونەتەبەر بۆ بەرگرتن لەو تاوانانەی بەرامبەر بەكچانو ئافرەتان دەكـرێـتو دەڵێت"یاسایەك نییە بتوانێت بەرگریی لەمافی ئێمەی مێینە بـكـاتو بەربگرێت بـەو هەموو تاوانەی بەرامبەرمان دەكرێت، بـۆ نـمـوونـە دوای چەند ڕۆژێـك لەدەستگیركردنی براكانی كچە هاوڕێكەم بەمەبەستی لێكۆڵینەوە بەواسیتەیەكی حیزبی ئازادكران، ئیتر چـۆن تـاوانو توندوتیژی بـەرامـبـەر بـەژنـانو كچان زیاد ناكات؟!".

بەسۆزی تەمەن ٢٩ ساڵیش كێشەكەی لەدێرین گەورەترەو ئاماژە بەوەدەكات پێش دوو ساڵ لەدەربەندیخان كوڕێكی عەرەبی ناسیوەو بوون بەخۆشەویستی یەكتر، پاش ٦ مانگ كوڕەكە دەچێتە داوای بەسۆزو ماڵەوەیان رازی نابن كچەكەیان بدەن بەو كوڕە"بـەبـیـانـووی ئـەوەی كە ئـەو كـوڕە عـەرەبـەو متمانەی پێناكەن".

عوسمانی تەمەن ٤٧ ساڵ بـاوكـی سـێ كـچـە ئـامـاژەی بـەوەدا "دنـیـاكـە پیسبووەو پیاو ناتوانێت متمانە بەپاكێتی پەیوەندیی خۆشەویستی بكات لەم سەردەمەدا".

عوسمان وتی"ئەگەر ببیستم كچێكم لەگەڵ كوڕێكدا پەیوەندیی خـۆشـەویـسـتـی هـەیـەو یەكتر دەبینن، ئـەوا لێی قبوڵناكەمو رەنگە زیندانی بكەم لەماڵەوە یان بیكوژم، میللەتێكی موسوڵمانین نابێت ڕێگە بدەین بەكچەكانمان دڵـداری بكەنو خەریكی شتی خراپ ببن".

» ١٥


هێشتا خێزانەكان قبوڵی ناكەن كچەكانیان خۆشەویستی بكەن

# کچان باجی خۆشەویستی دەدەن



هەندێ کات نەك تەنها خێزانی کوڕو کچەکان، بەڵکو خزمو کەسوکاریشیان کێشە بۆ ئەو کوڕو کچانە دروستدەکەن کەیەکتریان خۆشدەوێت.

هەردی تەمەن ٣٢ ساڵ ماوەی شەش ساڵە هاوسەرگیریی لەگەڵ کچێکی خزمی خۆیدا کردووە، پێشتر چەند ساڵێك خۆشەویستی یەکتربوون، بەڵام بەبێ ڕەزامەندیی خێزانی هەردوولا دەچنە ژیانی هاوسەرییەوەو خێزان دروستدەکەن.

هەردی ئاماژەی بەوەکرد وەك کاردانەوەیەك تائێستا هیچ ئەندامێك لەئەندامانی خێزانی هەردوولایان کەنزیکەی ٣٠ کەس دەبن، سەردانی ماڵی ئەوانیان نەکردووەو وتی"ئێمەش سەردانی ماڵی ئەوان ناکەین".

ئاکۆ قادر توێژەری کۆمەڵایەتی باس لەبارودۆخی کچانو ڕەگەزی مێینەو پەیوەندیی خۆشەویستی کچان دەکات لەکوردستانداو دەڵێت"پاراستنی شەرەفو ناموس شتێکی گەورەیە لەناو کۆمەڵگای کوردیداو کۆمەڵگای کوردی سزای کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە دەدات کەخۆشەویستی دەکەنو لەخێزانێکیشەوە بۆ خێزانێکی تر جۆری ئەم سزایە دەگۆڕێت، هەر کۆمەڵگایەکیش شێوازێکی تایبەتیو پێوەری خۆی هەیە بۆ ئەو پەیوەندییە".

ئاکۆ پێیوایە لەکوردستاندا هەوڵێکی ئەوتۆ نەدراوە بۆئەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی مومارەسەی بکرێت بەشێوەیەکی عەقڵانیانەو ئاماژە بەوە دەکات کەڕێکخراوەکانو پەروەردە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لەڕێکوپێککردنەوەو دارشتنەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی لەکوردستاندا.

هەروەها پێیوایە لەبەرامبەر ئەو گرفتەشدا کەڕووبەڕووی کچانو کوڕان بووەتەوە، ڕۆشنبیران بەشێوەیەکی گشتی کلێشەییانە قسەیان لەسەر ئەم کێشەیە کردووە.

ئەو توێژەرە وتی"ڕەنگە قسەکردنەکانیشیان لەپاڵپشتییەکی شەهوانییەوە بووبێت لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی یان مەبەستێکی شەخسیان هەبووە بۆ دروستکردنی فەزایەکی ئازاد بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی".

بەپێویستیشیزانی لەسەر پەروەردەو ڕێکخراوەکانی ژنانو گەنجانو توێژەرانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیران کە بەجیددی کاربکەن بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی بەشێوەیەکی تەندروستانەو بەیاسا بەربگیرێت لەکاردانەوەی خراپی کۆمەڵگا لەسەر ئەو پەیوەندییە، بۆئەوەی چیتر ئەو هەموو کێشەو کوشتنو قوربانیدانانە بەردەوام نەبێتو فەزایەکی لەبار دروستببێت بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی تەندروستانەی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز.

هەرچەندە دێرین بێ ئومێدە لەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیو تاوان بەرامبەر بەکچانو ڕەگەزی مێینە، ئاماژەش بەوە دەکات "ئەم بارودۆخە تەنها یاسایەکی گونجاو کە لەسەر هەموو تاوانبارێك جێبەجێبکرێت، بەیەکسانی دەتوانێت ئەو هەموو تاوانەی بەرامبەرمان دەکرێت کەمبکاتەوە".

برا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگەپێدراوەو دەتوانێت هەمان دەسەڵاتی باوك بەکاربهێنێت بۆ چاودێری کردنی خوشکەکەی

بڕیار محەمەد دوو خوشکی هەیە دەڵێت"ئەگەر بزانم خوشکێکم پەیوەندیی لەگەڵ کوڕێکدا هەیە، ئەوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوڕەکەدا قسەدەکەمو پێیدەڵێم ئەگەر گاڵتە بەخوشکەکەم ناکەیت وەرە خوازبێنیو بیخوازە، ئەگەر خواستی ئەوە شتێکی باشەو واتا پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی پاك بووە".

**تێبینی: لەسەر داخوازی خۆیان ناوی کچەکان خوازراون.**

# سەرۆکی باندی لەشفرۆشەکان



ئەرخەوان وتی"بەڵام جارێکی تر تێکەڵ بەو باندانە بوومەوەو هاتووچۆی سەرجەم ناوچەکانیان پێدەکردینو هەموو جۆرە خەڵکێك دەهاتنە لامو زیاتر لەبیست ژنی لەشفرۆشو سەرۆك باندم ناسیو بەردەوام ئاگاداری کارەکانی یەکتربووین".

دوای ئەوەی جارێکی تر ئەرخەوان دەستگیردەکرێت، دەنێردرێتەوە بۆ ماڵی باوکی، دوای گەڕانەوەی دەزانێت کەهاوسەرەکەی لێی جیابووەتەوە.

باندەکە دەستگیردەکرێن

دوای ئەوەی ئاری دێتەوە بەدوای ئەرخەواندا، لەگەڵی دەڕواتو دەچنەوە بۆ ماڵی ئاکۆ، سەرەتا ئاری بەڵێنی پێداوە بیخوازێتو تاهەفتەیەك کەس نەهاتووە بۆلای و تەنها لەگەڵ ئاری "دەخەوتم".

نیوەڕۆیەکیان ئاکۆ هاتووەتە ماڵی ئاریو بەئەرخەوانی وتووە دەبێت بڕۆین بۆ ماڵێکی تر، چونکە ئاری دەستگیرکراوە.

ئەرخەوان وتی"ئاکۆ پێیوتم ئاری لەماڵێك گیراوە لەگەڵ باندێکی دزیو لەشفرۆشیدا".

باسی ئەوەشی کرد کە ئاکۆ تەلەفۆنی بۆ شێرزاد ناوێك کردووەو پێیوتووە شوێنێکم دەوێت لەگەڵ کچێکی هاوڕێم ئەمشەو بمێنینەوە، وتی"ئەویش پاش کەمێك تەلەفۆنی بۆ کردەوەو هات بەدواماندا و چووین بۆ ماڵێك کە خاوەن ماڵەکەو ژنەکەیو دوو منداڵی بچووکی لێبوو، بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێکم لێبکەن، ئەو شەوە منو ئاکۆو شێرزاد لەوێ ماینەوەو ئاکۆو شێرزاد لەژوورێکدا لەگەڵ من خەوتن تابەیانی".

ئەرخەوان وتی"ڕۆژی دواتر من لەو ماڵە بووم، ئاکۆ لەگەڵ شێرزاد ڕۆیشتنە دەرەوە، پێشنیوەڕۆ ئاکۆ هات بەدوامداو داوایلێکردم کەدەبێت بچین بۆ ئاسایش، چونکە داوای تۆشیان کردووەو دەزانن لەگەڵ مندابوویت".

دوای ئەوەی لەئاسایش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن "ڕەوانەی ئێرەیان کردینو من ماوەی چەند ڕۆژێکە زیندانم، هەرچەندە بڕیارە یەکێك لەو برادەرانەی دەرەوە بەکەفالەت ئازادم بکات، ئەگەر ئازادیش بکرێم هەموو هەوڵێك دەدەم تائاری ئازاد بێت".

**تێبینی: سەرجەم ناوەکان لەسەر داوای ئەرخەوان خوازراون.**


# بەم زووانە






# ئەرگەنەکۆن
# لە نێوان دەسەڵات و دیمۆکراسیەت لە تورکیا




بیل پارک

کێبرکێی یاسایی لەمەر کەیسی موئامەرەی ئەرگەنەکۆن لەتورکیا زیاتر بووە بە کێشەیەکی سیاسی وەك لە یاسایی.

ئەو زنجیرە دادگایکردنەی تورکیا کە ئامانج لێی لێپێچینەوە بوو لەچالاکیەکانی رێکخراوی نەتەوەپەرستی ئەرگەنەکۆن بوو، لە مانگی ئابی ئەمساڵدا گەیشتە قۆناغێکی گرنگ، ئەمەش پاش پەسەندکردنی سێیەمین بەڵگەنامەی تۆمەتبارکردنی ئەو گروپە دێت لەلایەن داواکاری گشتی ئەستەنبولەوە، ئەم هەنگاوەش پاش چەند هەفتەیەك دێت لە گوێگرتن لە دووەمین بەڵگەنامەی تۆمەتبارکردنی ئەو گروپە کە تەواوی بەڵگەکانی دووەم تۆمەتبارکردن لەدەوری هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتا لە دژی حکومەتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی پارتی دادو گەشە دەخولایەوە.

کەتن و ئابروچونەکانی ئەرگەنەکۆن بۆ ساڵی ٢٠٠٧ و پاش هەڵکوتانە سەری پۆلیسی ئەو وڵاتە بۆ سەر ماڵێك دێت لە ئەستەنبوڵ کە تێیدا برێك مادەی تەقینەوە دۆزرایەوە.، پاشانیش کۆمەڵێك هەلکوتانەسەرو دەستگیرکردن ئەنجامدرا، کە دواتر بوونە هۆی پێکهێنانی یەکەمین بەڵگەنامەی تۆمەتبارکردنیان لە تەموزی ٢٠٠٨دا. دووەمین بەڵگەنامەی تۆمەتبارکردنیشیان دەگەرێتەوە بۆ مارسی ٢٠٠٩، بە زیادکردنی ناوی ٥٢ تۆمەتباری دیکە لە نێو بەلگەنامەی تۆمەتباری سێیەمدا سەرجەمی هەموو تۆمەتبارەکان گەیشتە نزیکەی ٢٠٠ تۆمەتبار، ئەمەش ئەگەری زیادکردنی هەیە، چونکە پرۆسەی لێپێچینەوەکان بەردەوامەو چوارەمین بەڵگەنامەی تۆمەتبارکردنیش بەرێوەیە کە پێدەچێ هەندێك تۆمەتباری تر بەو کەیسەوە بگلێن.

بەهاتنی سێیەمین بەڵگەنامەی تۆمەتبارەکان، بەواتای یەکلابونەوەو کۆتایهێنان بە بەڵگەنامەی یەکەم و دووەم دێت کە تیایاندا ئەرگەنەکۆن بە رێکخراوێکی تیرۆرستی ناوزەد کراوەو هەروەها هەندێ تاوانی پلانی گەورە گەورەش ساغکراونەتەوەو ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە.

*JITEM کە بریتیە لە یەکەیەکی نهێنی تایبەت بە کاری هەواڵگری بە پەنهانی کاری کردووەو بەرپرسیار بووە لە تیرۆرکردنی هرانت دینك، رۆژنامەنوسی ئەمریکی و هەروەها پلانیشیان دارشتووە بۆ تیرۆرکردنی ئۆرهان پاموکی نوسەرو یەشار بویوکانیتی سوپاسالاری پێشووی تورکیا.

*ئەم رێکخراوە پلاندارێژەری توندوتیژی ئەنتی ئەلێڤی ساڵی ١٩٣٣ بوون لە سیڤاس کە تێیدا ٣٣ کەس بوونە قوربانی.

* هەروەها ئەم گروپە تۆرێکی هەواڵگری و سیخورییان لە تەواوی ئیدارەکانی زانکۆکانی وڵاتدا داناوە.

*ئەرگەنەکۆن بەرپرسیار بووە لە هەموو ئەو گەندەڵیانەی کە لەکارەکانی سوپادا روویانداوە.

گارێت جێنکینز، کە شیکارێکی سەربەخۆی بەریتانیەو لە ئەستەنبول نیشتەجێیە، یەکێکە لەو چاودێرە دەگمەنانەی ناوەوەو دەرەوەی تورکیا کە تەواوی بەڵگەنامەکانی یەکەم و دووەمی تۆمەتبارکردن یاخود تێوەگلانی گروپی ئەرگەنەکۆنی خوێندووەتەوەو یەکەمیان بریتیە لە ٢٤٥٥ پەرەو ئەوی تریشیان ١٩٠٩ پەرەیەو هەروەها سێیەمین بەڵگەنامەش لە ١٤٥٤ پەرە پێکدێت، پاش لێکۆڵینەوەو لێوردبونەوەیەکی چروپر، جێنکیز توانی راپۆرتێکی شیکاریی ٨٣ پەرەیی لەبارەی ئەو بەڵگەنامانەوە بنوسێت، هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئەم راپۆرتەدا، شەپۆلێك لە نارەزایی لەگەڵ خۆیدا هێناو بیروبۆچون و تێروانینی سیاسی سەبارەت بەو کەیسە لە تورکیادا دووکەرت کرد، جێنکینز لەراپۆرتەکەیدا ئەوەی خستوەتەروو کە ئەو بەڵگەنامانەی باس لە تۆمەتبارکردنی گروپی ئەرگەنەکۆن دەکەن زۆرێك لە تورکیای بەو کەیسەوە گلاندوە ئەمە وێرای ئەوەی کە بەڵگەی یاسایی زۆر زەق هەیە کە پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ، هەر لە راپۆرتە شیکاریەکەی جێنکینزدا هاتووە کە ئەوانەی لەو بەڵگەنامانەدا هەن لە دژی گروپی ئەرگەنەکۆن بەڵگەی نەسەلمێنراون و دورن لە راستیەوە.

هەر لە درێژەی ئەو راپۆرتە شیکاریەی جێنکینزدا هاتووەو کەموکوریە یاسایەکانی بۆ ئەمانەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

*بەڵگەنامەکان لە دژی ئەرگەنەکۆن بەزۆری نەسەلمێنراوو ناراستن و پشتیان بە بیستن بەستووە نەوەك راستی، هەروەها لێواولێوە لە دژیەکی و نارێکی.

*زۆربەی گومانلێکراوەکان لەسەر هەڵوێستی دژبونیان بەرانبەر بە پارتی دادو گەشە تۆمەتبارکراون نەوەك حکومەت.

*شێوازی زۆرێك لە گیراوەکان نایاساین.

*شێوازی دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانە زیاتر هەلکوتانە سەر بووە نەوەك بەشێوەیەکی رێکوپێك.

*زۆرێك لەو زانیاریانەی کە لەو راپۆرتەدا هاتووە، لەو ناوەندە راگەیاندنانەوە وەرگیراون کە سەر بە حکومەتن.

بەکورتی، لە راپۆرتەکەیدا جێنکینز ئەوە دەردەخات کە کەیسی تۆمەتبارکردنی ئەرگەنەکۆن هەوڵێکە بۆ بەسزاگەیاندنی ئەوانەی کە بیروبۆچونیان لەگەڵ دەسەڵاتداراندا ناگونجێ یان بەواتایەکی تر هەندێك رەگەزی ناو دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس و میدیای تورکیاو بە پشتگیری حکومەت کارئەکەن لەدژی عەلمانی و نەتەوەپەرستەکان، بەمەش پرسیارگەلێکی گەورە رووبەرووی خودی دیموکراسی و سەروەریی یاسا لە وڵاتدا دێنێتەئاراوە.

راپۆرتەکەی جێنکینز لەپای ئەم کارانەی حکومەت زیادبوونی گومانەکان دەخاتە ئەستۆی حکومەت و بە مەترسیەکی گەورەی دادەنێ لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسی لە وڵات و هەروەها ئەو چاکسازیانەی کە پێویستن ئەنجام بدرێن بۆ نزیکبونەوەی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا.

ئەبێ چ جۆرە دەرەنجامێك لە تەواوی ئەم رووداوانەی پێشوودا بەدەست بێت، ئایا مێژووی سیاسی تورکیا کە پرکراوە لە توندوتیژی و هەرەشەو کوشت و کوشتار، ئەمانیش بە لێپێچینەوە لەکەیسی ئەرگەنەکۆن ناپانەوێ ئەم کەیسەش ببەنە پاڵ ئەو رابردووە تاریکە؟.

وەك دەبینین تورکیا لە ئێستادا سەرقاڵی چاکسازییە بەمەبەستی وەرگرتنی لە یەکێتی ئەورووپاو هەروەها لەهەوڵی کرانەوەی زیاتردایە لەرووی پێدانی مافی زیاترەوە بۆ کورد، بەڵام وەکو دیارە تێروانینی حکومەت لەمەر کەیسی ئەرگەنەکۆن زیاتر بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی هێزو دەسەڵاتە وەك پەیرەوکردنی دیموکراسی.

# بەرەو سیستمێکی نوێی ئابووریی لەجیهاندا

ئامادەکردنی : دەستوور

رۆژانی ٢٤ و ٢٥ی مانگی رابردوو، سەرکردەی ٢٠ وڵات کە بە گروپی ٢٠ دەناسرێن، لەشاری پتیسبۆرگی ویلایەتی پەنسلیڤانیای ئەمریکا کۆبوونەوە، گەرچی بەیاننامە کۆتاییەکەی هیچ دەرەنجامێکی مێژوویی لێ نەکەوتەوە، بەڵام پێدەچێت سەرەتای گۆرانکارییەکی تێدا دەرکەوتبێت، سەبارەت بەسیستمێکی تازە بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی.

لەجەنگی جیهانی دووەمەوە تا ئەمرۆ، پایەکانی دەسەڵات و حوکمرانی بەسەر ئابووریی جیهاندا دەکرێت لەچوار پێگەی تایبەتدا دەستنیشان بکەین کەبریتین لە:

١–سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کەچاودێرە بەسەر پەیوەندییە دراوییە نێودەوڵەتییەکانەوە.

٢–بانکی نێودەوڵەتی کەسەرەتا یارمەتیدەر بوو بۆ ئابووریی ئەورووپا دوای جەنگ و دواتریش گۆرا بەگەورەترین ئۆرگانێك بۆ ئامادەکاریی دراوی پێویست بۆ گەشەی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

٣–رێکخراوی گات ساڵی ١٩٤٧ پێکهێنراوەو ساڵی ١٩٩٤ بوو بەرێکخراوی بازرگانی جیهانی.

٤–لەساڵی ١٩٧٠دا گردبوونەوەیەکی نارەسمی پێکهات لەحەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان کە لە راستیدا بەرێوەبەری راستەقینەی ئابووری جیهانی بوون و دەسەڵاتی هەرسێ رێکخراوە ئابوورییەکەی جیهانیان بەدەستەوە گرتبوو.

## یاریکەرە نوێکان

بەهاتنەناوەوەی کۆریای باشوورو هۆنگ کۆنگ و سەنگافورەو تایوان و دواتریش هەریەك لە چین و هیندستان و بەرازیل و بەلاداهاتنی کۆمۆتیزم، ئابووری و پێ بەپێی ئەوەش سیاسەتی جیهان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

لەگەڵ ئەم یاریزانە تازانەدا بۆ ناو گۆرەپانی ئابووریی جیهان، چیتر ئەو یاساو رێکخراوە کۆنانە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم هاتبوونە کایەوە، برشتیان نەما، بەنەمانی سۆسیالیزمیش روسیا لەسەر بنەما سەربازییەکەی بووە ئەندامی گروپی حەوت.

ساڵی ١٩٩٩ بەدەستپێشخەری ئەو گروپە، گروپی ٢٠ دروستکرا، بەڵام هیچ رۆڵێکی لەبەرچاوی پێ نەدراو، فەرمانرەوایی ئابووریی جیهانی لەژێر دەستی گروپی حەوتدا مایەوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٨ بەخەست بووەنەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری، کە سەرەتا لە ئەمریکا هاتە کایەوەو دواتر تەنیەوە بۆ سەرانسەری جیهان، هیچ گومانێك لەوەدا نەما کە رۆلی گروپی حەوت کۆتایی پێ هاتووەو رووبەرووبوونەوە بەرامبەر بەکێشە جیهانییەکانی ئابووری وڵاتان، بەبێ ئەو هێزە تازە هەلکشاوانە لەتوانادا نییە.

گروپی ٢٠ سەربازی گروپی حەوت و یەکێتی ئەوروپا، وڵاتانی روسیاو بەرازیل و ئەرژەنتین و چین و هیندستان و ئوسترالیاو ئەفریقای باشوورو کۆریای باشوورو مەکسیك و سێ وولاتی ئیسلامی، تورکیاو ئەندەنوسیاو عەرەبستانی سعودی لەخۆی دەگرێت.

## گۆرانی ناچاری

لەگەڵ خۆگرتنی گروپی ٢٠، بەناچاری پەیوەندیی هێزەکانیش لەسندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانیدا گۆرانی بەسەردا دێت.

بیرمان نەچێت کە دابەشبوونی دەسەڵات لەهەریەك لەو دوو رێکخراوەدا لەسەر بنەمای پشکەکانی هەر دەولەتێك لە رێکخراوەکەدا بنیاتنراوە، بەو پێیە دەولەمەنترین وڵات خاوەنی زیاترین دەنگە، بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی هەندێك دەوڵەتی نوێدا، هێشتا بری بەشداری و پێگەی هێزەکان لەسی ساڵی رابردوودا گۆرانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام بەپێی بریارەکانی پیتسبۆرگ، ئەو لاسەنگییە، گۆرانی بەسەردا هێنراوەو لەبەرامبەر ئەوروپادا پێگەی چین و تورکیاو کۆریای باشوور بەهێز بووە، بەتایبەت لە بەرێوەبردنی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا.

گەرچی سەرۆکانی گروپی ٢٠، کۆتایی رەسمی قەیرانی ئابووریی جیهانیان رانەگەیاند، بەڵام بەگشتی سەرباری بەرەو رووبەرووبوونەوەی ئەو قەیرانە بەسەرەتایەك دادەنرێت بۆ خولقاندنی رژێمێکی ئابووریی نوێی نێودەوڵەتی.



کۆبوونەوەی سەرانی گروپی ٢٠ لەپیتسبۆرگ

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
٠٧٤٨ ٧١٠ ٦٠٦٤
تەلەفۆن: ١١ ٧٨ ٣١٨ ٠٥٣
ئیمەیل: Dastur 2009@yahoo.com
ناونیشان- هەرێمی کوردستان، سلێمانی-شارێی سالم ،تەلاری میران- نهۆمی پێنجەم
بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

## دەلاقە

## بە ئەدەب هاتنە حزور

گلەیی و گازەندەیەکی زۆر دەکرێت کە ڕۆژنامەوانی کوردی لە بنەماکانی میساقی شەرەفی ڕۆژنامەوانی دوورکەوتۆتەوە. ئەم دیاردەیە ئەوەندەی جێی تێرامانە ئەوەندە جێی سەرزەنشت نییە. ٣٠ ساڵی ڕابردوو، مێژووی ئەنفال وماڵوێرانی و دواتر ڕاپەڕین و شەڕی براکوژی و برسێتی و کوتوپڕیش هەڵڕژاندنی پارەیەکی زۆر بوو بەسەرماندا. هەموو ئەمانە لەپاڵ کۆمەڵێ فاکتەری تردا شیرازەی کۆمەڵگەکەمانی هەڵتەکاندووە. لێرەوە ئەرکی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەوانی بە پلەی یەکەم، دۆزینەوەی ڕایەڵەکانی ئەو شیرازە پچڕاوانەو لکاندنەوەیانە بەیەکەوە تا کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنیات بنرێتەوە بە شێوازێك لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت. چنینەوەی ئەو ڕایەڵانەش بە بەراکردنەوەی ئەو ئەدەب و ئەخلاقەیە کە لە پێش هەموو شتێکەوە خۆی لە شێوازی دەربڕیندا دەبینێتەوەو بنەمای یەکتر قبولکردن و دواتریش هاوکاریکردنە.

لە کوردستانی ئەمڕۆماندا، کە گومان و دڵەڕاوکێ سەرتاپای ژیانمانی تەنیوەو تاکی کورد نەك لە بەرانبەرەکەی، بەڵکو لە خۆشی بەگومانە، گومانێك نامێنێت کە چەند پرسێك بەرەو ڕووی ڕۆژنامەکەمان دەبێتەوە. لەوانەو لە هەموویان گرنگتر پرسی دارایی و دووەمیان ئەوەی ناودەبرێت بە ڕێبازی گشتی بیرکردنەوەی ڕۆژنامەکەو شێوازی کارکردن تێیدا.

نەبوونی بواری بەرهەمهێنان، کارێکی کردووە سەرمایەی خەوتوو لە کوردستاندا بە دوای کون و کەلەبەردا بگەڕێت بۆ خستنەگەڕی بڕێك لەو پارەو پولە خەوێندراوە. پێدەچێت بواری ڕۆژنامەگەری و میدیا بە شێوازێکی گشتی بوارێکی شاراوەو شەرمنانە بێت-لانی کەم لە بەرانبەر باڵەخانە قوتکردنەوەدا-بۆ خستنەگەڕی سەرمایە. پڕۆژەی ئەم ڕۆژنامەیە، ڕەنگە دەستپێکێك بێت لەو بوارەدا.

کۆمەڵێك وەبەرهێن هەم وەك ئارەزوو دیسانیشەوە وەك بوارێکی سوود بەدەست هێنان، ئەرکی دامەزراندنی ئەم ڕۆژنامەیەیان لە ئەستۆگرتوە. بێگومان بەو هیوایەی پاش ماوەیەك نەك لەسەرپێی خۆی بووەستێت، بەڵکو قازانجیشیان لێ دەستبکەوێت. بۆیە ئێمەش لای خۆمانەوە هەوڵمانداوە بە کەمترین ژمارەی کارمەندو خزمەتگوزارەوە دەست بەکاربین و بەناچاریش نرخێکی زیاتر لەسەر ڕۆژنامەکەمان دابنێین لەچاو ڕۆژنامەکانی ترداو هەوڵبدەین بە ریکلام و ئاگاداری داهاتی پێویست دابین بکەین و لە هەوڵی سەربەخۆیی خۆماندا بین. دیسانەوە ڕۆژنامەکە بەشێکە لە کۆمپانیایەك کە دوو بەشی سوودبەخشی ئابووریانە لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە چاپ و بڵاوکردنەوە.

پرسی دووەم هەمیشە بیروبۆچوونی ڕۆژنامەکەو ئەو مەبەستەیە کە لە پشتیەوە کاردەکات. بۆ ئەم پرسەشیان ڕاشکاوانە دەڵێین: کۆمەڵگای کوردستانی بەرەو فرە ڕەنگی و فرە دەنگیەکی ئاشکرا هەنگاو دەنێت، بەتایبەت کە لە ئێستادا دەنگی ئۆپۆزیسیۆن بوون بەرزبۆتەوە، ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین مینبەرێك بین بۆ ئەو کەسانەی ئەو هاوکێشە پواو و لاسەنگە ڕەتدەکەنەوە کە دەڵێت ئەگەر لەگەڵمدا نەبیت ئەوا لەگەڵ بەرانبەرەکەمدایت و پێمانوایە لە نێوان هەموو دژەکاندا پانتایی و ڕووبەرێکی بەرفراوان ئامادەیە کە قسەی ترو بۆچوونی تر هەڵدەگرێت و چەندین ڕەهەندی چارەسەری کێشەکانیشی لەخۆگرتوە. هەموو هەوڵێکیش ئەدەین پرۆفیشۆنال بوون بکەینە سەرمەشقی کارەکانمان. ڕۆژنامەکەمان هیچ ئیدیعایەك ناکاتە پێشینەو لایەنگرو دژایەتی هیچ بیروبۆچوونێکیش ناکات، هێندەی ئەوەی کە مەبەستمانە بە ئەدەبەوە بێینە حزوری خوێنەران و ساتێك لە ئاسوودەیی و کەمێ لە زانیاریان بۆ دەستەبەر بکەین.

دەستوور






## دوا فیلمی مایکل جاکسۆن هەموو ژمارە پێوانەییەکان دەشکێنێت

عاشقانی ئەستێرەی پۆپی کۆچکردوو مایکل جاکسۆن، لەئامادەکاریدان بۆ دوا سەما لەگەڵیدا لەفیلمی (This Is It) کە لەم مانگەدا نیشاندەدرێت و تائێستاش فرۆشی بلیتەکانی کە لەڕۆژی دووشەممەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە، هەموو ژمارەیەکی پێوانەیی تێپەڕاندووە.

کۆمپانیای سۆنی ئینتەرتەینمێنت کەفیلمەکەی بەرهەمهێناوە، دەڵێت: شارەکانی لۆس ئەنجلس و سان فرانسیسکۆو هیوستن زۆرترین فرۆشی بەخۆیەوە بینیوە، لەدەرەوەی ئەمریکاش، لەیابان بۆ نموونە لەڕۆژی یەکەمدا بڕی یەك ملیۆن دۆلاری لێ فرۆشراوە، لەشاری لەندەنیش ٣٠ هەزار بلیتی لێ فرۆشراوەو بەو شێوەیەش فیلمی بەناوبانگی هاری پۆتەری تێپەڕاندووە.




بەیانیی هەموو چوارشەممەیەك




www.arsivakurd.org